گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 9, No. 3, pp. 393–411, Sept. -2021*
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# تێڕوانینی قوتابخانەی ئەركی بۆ ڕستە

**عەبدولواحید مشیر دزەیی* و هانی فخری قادر**

بەشی كوردی، كۆلیژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەرێمی كوردستانی ــ عیراق. (abdulwahid.mahmmod@su.edu.krd)

كۆلیژی پەروەردەی بنیات، زانكۆی دهۆك، هەرێمی كوردستانی ــ عیراق.

وەرگرتن: 2021/06 پەسەندكرن: 08/ 2021 بەلاڤكرن: 2021/09 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2021.9.3.698

**پوختە:**

تیۆری ڕێزمانی ئەركی بەتەواوترین و بەهێزترین تیۆری هاوچەرخی زمانەوانیی نویٚ دادەنرێت، كە گرنگی بە بەكارهێنان و نرخی گەیاندنی زانیاری دەدات، گەیاندنی زانیاریش بەیەكێك لە ئەركە سەرەكییەكانی ئەم تیۆرە دادەنرێت.ئەم ڕێبازە لەبیری زمانەوانیدا چەمكێكی تەواو جیاوازی گرتەبەر لە گرنگیدان بە چۆنیەتیی بەكارهێنانی زمان و دیاریكردنی نرخی پەیوەندیكردن لەزماندا لەگەڵ داكۆكیكردن لەسەر توانستی كۆلایەتیی زمان و باری دەروونی قسەكەر و دەوروبەری ئاخاوتندا، لەم لێكۆڵینەوەیەدا گرنگی بەلایەنێكی تریش دراوە ئەویش شیكردنەوەی ئەركی (كرداری ) یە بۆ ڕستە، لەڕوانگەی ئەركی كاتێك ئاخێوەر ڕستەیەك دەردەبڕێت پێویستە ئەو ڕستەیە بەپێی ئەو دەوروبەرەی ڕستەكەی تێدادەكرێت، شیكردنەوەی بۆ دەكرێت، لەم لیكۆڵینەوەیەدا ڕستەكان لەهەر سێ ئاستی ( ڕێزمان و واتا و دەوروبەر ) شیكرنەوەی بۆ كراوە، تاكو (ناپەسەندی ڕێزمانی ) هیچ ڕستەیەك نەمێنێت و بەئاسانی ڕۆنانی هەموو ڕستەیەك شیكردنەوەی بۆ بكرێت . لێكۆڵینەوەكە بە ئامانجی گەیشتن بە تێڕوانینی ئەركی دەربارەی ڕستە ئەنجامدەدرێت، بەپێی ڕێبازی وەسفی شیكاری، گرنگی لێكۆڵینەوەكە لەوەدایە بەپێی تیۆری ئەركی دەگەینە ڕۆنانی هەموو ڕستەیەك، كە ( ناپەسەندی ڕێزمانی ڕستە) ناهێڵێت . ئەم لێكۆڵینەوەیە بێجگە لەپێشەكی و ئەنجامەكان لە دوو بەش پێكدێت، بەشی یەكەم لایەنی تیۆری قوتابخانەی ئەركییە، بەشی دووەمیش بنەماكانی تیۆری ئەركی و تێڕوانینی ئەركییە بۆ ڕستەیە .

## 1. پێشەكی

### 1.1 . ناونیشانی لێكۆڵینەوە:

ئەم لێكۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (تێڕوانینی قوتابخانەی ئەركی بۆ ڕستە)یە كە تیادا هەوڵدراوە باسی قوتابخانەی ئەركی و بیرو بۆچوونەكانی ئەركی دەربارەی ڕستە بكەین ، كە كارەكە زیاتر لە ئاستی ڕستەسازی و واتا و پرگماتیكدایە .

### 2.1. كەرەستە و سنووری لێكۆڵینەوە :

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی زمانی كوردیدا باسی تیۆری ئەركی كراوە ، لێكۆلینەوەكەش بە شێوەزاری (كرمانجی خواروو ) نووسراوە ، سنووری زانستی لێكۆڵینەوەكە لێكۆڵینەوەیەكی ئەركییە.

### 3.1 . گرنگی لێكۆڵینەوە :

گرنگی لێكۆڵینەوەكە لەوەدایە بەپێی تیۆری ئەركی دەگەینە ڕۆنانی هەموو ڕستەیەك كە ( ناپەسەندی ڕێزمانی ڕستە) ناهێڵێت، بەپێی ئەو دەوروبەرەی ڕستەكەی تێدا دەگۆترێت.

### 4. ڕێبازی لێكۆڵینەوە :

ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە ڕێبازێكی وەسفی شیكارییە ، چونكە هەموو ڕستەیەك دەتوانێت لە چەند ڕوانگەیەكی جیاجیاوە سەیربكرێت و شیبكرێتەوە .

### 5.1 . پرسیارەكانی لێكۆلینەوە:

ئەم لێكۆلینەوەیە هەوڵدەدات وەلامی ئەم پرسیانەی خوارەوە بداتەوە:

1 ــ چ جیاوازییەك لە نێوان قوتابخانەی ئەركی و قوتابخانەكانی تری زمانەوانیدا هەیە ؟

2 ــ تێڕوانینی قوتابخانەی ئەركی وەكو قوتابخانەیەكی نوێی زمانەوانی دەربارەی ڕستە چۆنە ؟

3 بە پێی قوتابخانەی ئەركی كاریگەری دەوروبەر لەسەر ڕستەدا چییە؟

4 بۆچی ئەو كەرەستانەی كە گرنگن، یان كۆنن دەكرێنە تەوەری ڕستەكە ؟

### 6.1 . بەشەكانی لێكۆلینەوە :

* ڤەكولەرێ بەرپرس.

ئەم لێکۆلینەوەیە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجامەکان لە دوو بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا باسی (تیۆری قوتابخانەی ئەرکی و تایبەتمەندییەکانی )ئەم قوتابخانەیە کراوە، لەبەشی دووەمیشدا باسی (بنەماکان و ئەرکەکانی زمان و تێروانینی ئەرکی بۆ ڕستە و جۆرەکانی ڕستە و پێکهاتەی سەرەکی و ناسەرەکی ڕستە و ڕۆڵە واتاییەکانی کەرەستەی ڕستە) بەپێی قوتابخانەی ئەرکی باسکراوە.

## 2. بەشی یەکەم : تیۆرەکانی ڕێزمانی ئەرکی:

**سەرەتا :**

لە سەدەی بیستەمدا، چەند قوتابخانە و تیۆر و ڕێبازی زمانەوانی سەریانهەلدا. ئامانج لە پەیدابوون و سەرهەڵدانی هەر ڕێبازێك لە ڕێبازەکانی زمان بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دیاردەکانی زمانە. ڕێبازی ئەرکیش یەکێکە لەو ڕێبازانەی زمان، کە توێژینەوە و پۆلێنکردنیان بە پێی ئەرکەکانیان لە سەر بنەمای شیکردنەوەیەکی پراکتیکی لە دیاردە زمانییەکان دەکات، کە مەبەست لێی ئەرکی پێکهاتەکانی زمانە و پۆلێنکردنیانە. چونکە ڕێبازی ئەرکی دەیەوێت زمان لە چەند گۆشەیەکی دیاریکراوەوە سروشتی زمان ڕوونبکاتەوە، کە ڕێبازەکانی تر پێشتر ئەمەیان نەکردووە. بۆ نموونە ڕێبازی ئەرکی پێچەوانەی ڕێبازی گواستنەوەیە، چونکە ڕێبازی گواستنەوە ((هیچ بیانگەیەکی ئەرکی بۆ ڕوودانی گۆڕانکاریەکان لە قوناغە جیاجیاکانی بەرهەم هێنانی ڕستەدا و هیچ ڕوالەتێکی بۆ دەروونی قسەکەر دانەناوە، هەروەها بابەتی دەوربەری (سیاق) پشتگوێ خستووە و تەنها زمانی بە چالاکییەکی هۆشەکی داناوە))(ساجیدە عەبدوڵڵا فرهادی، 2003 :3)، بەڵام ڕستە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە بەپێی دەروونی  قسەکەر و ئەو دەوروبەرەی ڕستەکەی تێدا دەوترێت، شیکردنەوەی بۆ دەکرێت .

ڕێبازی ئەرکی قوتابخانەیەکە لە قوتابخانەکانی بیری زمانەوانیی سەدەی بیستەم. ئەم ڕێبازە لە بیری زمانەوانیدا چەمکێکی تەواو جیاوازی گرتەبەر لە گرنگیدان ((بە چۆنیەتی بەرکارهێنانی زمان و دیاریکردنی نرخی پەیوەندیکردن لە زماندا لە گەڵ داکۆکیکردن لە سەر توانستی کۆمەڵایەتی زمان و باری دەروونی قسەکەرو دەوروبەری ئاخاوتن))(بیان ملا حمد أمین، 2013: 3).

کەواتە یەکێك لە چەمکە هەرە گرنگەکانی ئەم ڕێبازە توێژینەوەی لایەنی ئەرك و دیاریکردنی ئەرکەکانی زمان بووە، بۆیە ئەم ڕێبازەی ((زمان بریتییە لە هۆیەکی پەیوەندیکردن کە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئاواتی بەکاریدێنێت)) (ساجیدە عەبدوڵڵا فرهادی، 2003 : 2). هەر وەك هالیدەی دەڵێت: ((لایەنی ئەرکی زمان شتێکی دابڕاو نییە لە خودی پەیرەوی زمان، پەیڕەوی ڕێزمانی هەر زمانیکێش پەیوەستە بەو ئەرکەی کەرەستەکان لە دەوروبەرە جیاوازەکان دەیبینن))(halliday, 1973:23)، ئەرکییەکان پێیانوایە کە پەیڕەوی ڕێزمانی هەر زمانێك لە ژێر کاریگەری ئەو ئەرکانەدایە کە زمان دیاریکردووە، ئەرکییەکان دەڵێن زمان سیستەمە، کە لە ڕێگەی سیستەمەوە لە زمان دەکۆڵنەوە، وە لە ڕێگای زمانەوە لە ڕێزمانەوە دەکۆڵنەوە، بۆیە زمان خاوەنی ڕۆنانێکی ئاڵۆز و تێکچرژاوە و بە ئاسانی ناتوانرێت دەستی بە سەردا بگیرێت. قوتابخانە زمانەوانییەکان هەریەکەیان بە پێی دیدو بۆچوونەکانی خۆیان لە زمان و بەکارهێنانی زمانیان کۆڵیوەتەوە. بۆ نموونە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە ڕۆنانی ژێرەوەی زمانیان کردبوو بە بنەما بۆ توێژینەوە لە زماندا، ڕۆنانکارەکان زمانیان بەدانەیەکی ڕووتی لە کۆمەلێك هێما پێکهاتوو تەماشادەکرد، هەرچی ڕەوشتکارەکانیشە زمانیان بە چالاکییەکی ڕەوشتی دادەنا و وروژاندن و وەڵامدانەوەیان کردبوو بە بنەما بۆ توێژینەوەکانیان. بەڵام قوتابخانە ئەرکییەکان لایەنێکی جیاوازتر لەم قوتابخانانەیان گرتەبەر، بە پێی ئەم قوتابخانەیە زمان: ((بریتییە لە هۆیەکی پەیوەندیکردن، کە قسەپێکەرانی ناو کۆمەڵ بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجی خۆیان بەکاریدێنن)) (ساجیدە عەبدوللا فرهادی، 2008: 13).

زانایان زۆربەیان لە سەر ئەو بیرو باوەڕەن کە زمان سەرەتا بۆ کردەی گەیاندن بەکارهاتووە، ((بەڕای زمانەوانە ئەرکییەکانیش سەرەتای بەکارهێنانی زمان بۆ کردەی گەیاندن بەکارهاتووە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، بەمەش ئەرکی بنەڕەتی زمان بریتی بووە لە کردەی گەیاندن)) (أحمد المتوكل، 2010 : 54)، کەواتە زمان کەرستەیەکی پەیوەندیکردنی کۆمەڵە بۆیە ئەندرێ مارتینە دەڵێت: ((ئەرکی زمان پەیوەندیکردنە، لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی، ئەمەش ڕێگا بۆ بەکارهێنەرەکانی خۆش دەکات پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن و هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی کردەی گەیاندن لە نێوانیاندا)) (اندريه مارتنيه، 2009، 38)، کەواتە ئەرکی گەیاندن لە زماندا لە هەموو ئەرکەکانی تری زمان گرنگترە.

ڕێبازی ئەرکیش وەکو ڕێبازەکانی تری زمانەوانی چەندین شێوەی جیاوازی هەیە، ئەم شێوە جیاوازانەش هەر چەندە لە خاڵەگشتییەکاندا وەکو یەکن، بەڵام لە وردەکاریدا جیاوازییان زۆرە، وا لە خوارەوە بە کورتی باس لە هەندێ لەم ڕێبازە ئەرکییە زمانەوانییانە دەکەین.

### 1.2 قوتابخانە ئەرکییەکان: ئەویش دەبێتە چەند جۆرێك وەك:

### 2.2 - قوتابخانەی پراگ . The Prague School:

ئەلقەی براگی زمانەوانی لە ساڵی 1926 لە سەر دەستی زانای چیکی (ڤیلام ماسیۆس ـ Vilam Mathesius) و هەندێك زمانەوانی ڕووسی وەکو (ڕۆمان یاکبسون، نیکۆلا تروبتسکۆی، ترینکاو، فشاك) دامەزرا. بەڵام هەندێك لە زمانەوانان سەرەتای دروستبوونی "ئەلقەی

براگ" بۆ ئەو وانە گرنگەی (ڤیلام ماسیۆس) دەگەڕێننەوە کە لە سالی 1911ز بەناوی (تایبەتمەندییەکانی زمان characterstic of language) لە براگ پێشکەشیکرد. ((یاکبسونی رووسی وتوویەتی: ئەگەر ئەم وانە لە شوێنێکی تر بوترایە نەك براگ بۆ نموونە لە مۆسکۆ بوایە، ئەوا ئەو کات شۆڕەشێکی ڕاستەقینەی دەرباری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەرپادەکرد)) (ساجیدە عەبدوللا فرهادی، 2003: 4). کە "بواس" لە هەمان سالدا لەشێوەی ( Hand Book) بلاوی کردەوە، بۆیە (ماسیوس) وەکو ڕابەرێکی قوتابخانەی براگ یەکەم کەس بوو کە بلاوکراوەیەکی بلاوکردۆتەوە، دەربارەی پرۆگرامێکی نوێ لە زانستی زماندا، بەلام سەرەتایی ئەلقەی براگی زمانەوانی بۆ کۆبوونەوە زمانەوانییەکانی سالی 1926ز دەگەڕێتەوە، بە سەرۆکایەتی (ڤیلام ماسیوس) کە بووە هۆی دامەزراندنی (ئەلقەی براگی)[1] زمانەوانی ((دوای کۆتایی کۆبوونەوەکە ئەندامەکانی لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە ناوە ناوە لە ناو (حەلقەی براگی زمانەوانی) کۆببنەوە، هەر لەم ماوەیەدا کۆمەلێك زمانەوان لە دەوری ماسیوس کۆبوونەوە پاشان ئەمە ناسرا بە قوتابخانەی براگ)) (ساجیدە عەبدوللا فرهادی، 2003: 5).

ئەندامەکانی ئەم قوتابخانەیە(8)یان چیکی و(5)رووسی(2)یان فەرەنسی و ئەلمانییەك و ئینگلیزییەك بوون، کە کۆی گشتی لە (17) ئەندام پێکهاتبوون. بەلام زمانەوانە هەرە دیارەکانی ئەم قوتابخانەیە (فیلام ماسیۆس و ڕۆمان یاکۆبسن و نیکۆلای تروبتسکۆی) بوون.

((بوونیادنەرانی ئەم قوتابخانەیە چەند دیدارێکی ڕێکیان ئەنجامدا و بەرنامەی کاری قوتابخانەکەیان بۆ کۆنگرەی یەکەمی زانایانی زمانەوانی لە ( لاهای ــ هۆلندا ) لەسالی 1928ز پێشکەشکرد و لە ژێر ناونیشانی (کاروبارە بنەڕەتییەکانی زنجیرەی براگی زمانەوانی ) بەرێوەچوو جەخت لەسەربوونی ئەرکی زمان کردەوە))( عەبدولقادر عەبدولجەلیل، 2016 : 41 )

دوای ئەم کۆنگرەیە زمانەوانانی (براگ) جیاوازیان لە نێوان زانستی دەنگسازی و دەنگسازی ئەرکیدا کرد لەسەر بنچینەی ( فۆنیم )ی بنیاتنراو، چونکە ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە لە(( کۆنگرەی زمانە سلاڤییەکان لەسالی (1929)ز بەیاننامەیەکیان دەرکرد کە لە دوو تویدا دارشتنی تیۆری بوونیادگەری لە ئاستی دەنگ و واتادا خستەروو لەهەمان کاتیشدا جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی بنەچەی زمان لەوەوە هاتووە بونیادێکە و دادەمەزرێ و وەکو یەکەیەکی تەواو بەرەو پێشدەچێت ))( عەبدولقادر عەبدولجەلیل، 2016 : 41 )

سالێك دواتر لە براگ کۆنگرەیەکی فۆنۆلۆجی سازکرا، کە تیایدا ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە بەشداریان تێداکرد و بڕیاردرا بە دامەزراندنی (ئەنجوومەنی لێکۆلینەوە فۆنۆلۆجییەکان)، دواتر لە دووەمین کۆنفرانسی زماناسی لە جنێف لە سالی 1931ز دانیشتنی تەواو بۆ بابەتی فۆنۆلۆجی تەرخانکرا.


((ئەم قوتابخانەیە بە گرنگترین قوتابخانەی زمانەوانی لە ئەوروپا دادەنرێت، چونکە ئاڕاستەیەکی کردارەکی هەیە، کە زیاتر جەخت لە مۆرکی کرداری (ئەرکی) زمان دەکاتەوە، جا لە ڕووی دەنگی بێت، یاخود ڕێزمانی بێت یاخود واتایی بێت))(نجیب بن عیاش،2018: 14 ) بە پێی لێکۆلینەوە زمانەوانییە نوێیەکان ((پێویستە لێکۆلینەوە لە هەر سێ ئاستی (دەنگسازی و ڕستەسازی و واتایی )لە زمان بکرێت بەو پێیەی کەوا سیستەمی بزۆینەری زمانن، بەشێوەیەکی دیارکراو بۆ فەراهەم کردن توانستی پەیوەندیکردن، وە لە سەر ئەم بنچینەیە پێویستە لێکۆلینەوە لە خودی سیستەمەکەش بکرێت)) (صلاح فچل، البنائیە فی النقد الادبی، 1998: 128).

هەموو ئەمانە هۆکارێك بوون بۆ جەختکردنەوە لە سەر لایەنی ئەرکی زمان و خوێندنی ڕێزمانی ئەو زمانە بە شێوەیەکی تەواو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست لێی تێبگەین، چونکە ((بە پێی قوتابخانەی ئەرکی زمان بۆ خزمەتکردنی ئامانجێك هاتووەتە کایەوە، وە ڕێزمانی زمانیش بۆ دیارکردنی ئەرکەکانی زمان و گەیاندنی زانیاری دروستبووە)) (نجیب بن عیاش، 2018، 14).

واتە زمان بریتییە لە ئامرازێکی پەیوەندی، کەوا دەکرێت لە ڕێگەی ئەزموونی مرۆیی شیکردنەوەی بۆ بکرێت،((دەکرێت زمانی بکرێتە یەکەی بچووك بچووکی مانادار کە پێی دەوترێت (وشە ـ مۆرفیم)، کە ئەویش دەکرێت بە یەکەی بچووکتری وەك (برگە، دەنگەکان ،فۆنیم، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە، لە ڕووی سروشت و ژمارەیانەوە)) (عبدالقادر المهیری، 1990: 41 ـ 42).

هەروەها ((ئەلقەی براگی زمانەوانی گرنگی بەلایەنێکی تریش داوە، ئەویش بریتییە لە شیکردنەوەی ئەرکی (کرداری) بۆ ڕستە بە هەموو ئاستەکانیەوە (ئاستی ڕێزمان و ڕەوانبێژی و واتایی)، کە لە کاتی پەیوەندی زمانەوانیەوە وشەکان کارلیك دەکەن، بۆ بەرهەم هێنانی واتایەکی ئەرکی دیارکراو ڕادەگەیەنرێت، ڕستە بە پێی تێروانینی ئەرکی لە دوو کەرت پێکدێت کە (تەوەرە، گوزارە))) (جفری ساسۆن، 1994: 106 ـ 107) (تەوەرە) لە سەرەتا دێت، چونکە مرۆڤ سەرەتای دەربڕینی بەزانیاری زانراو لای قسەکەر دەست پێدەکات، دواتر گوزارە دێت، کە زانیارییەکانی نەزانراون، کە بە هۆی تەوەرەوە دەناسرێن وەك:

[1] . ناونانی براگ بۆ بازنە زمانەوانییەکە دەگەڕێتەوە کە کۆبوونەوەی زمانەوانەکان لە براگ بوو، ئەگەرنا هیچ ئاماژەیەك بۆ ناوی ولات و شوین نییە، چونکی ئەندامەکانی ئەم قوتابخانە زمانەوانییە سەربە چەند شوێن و ولاتی جیاوازبوون.




هەر یەك لە وشەكانی (نەسرین، كۆترەكان، منداڵەكان) تەوەری ڕستەكەن، لەلای قسەكەر زانیاری زانراوە بۆ گوێگر، هەرچی وشەكانی (هات، فرین، ڕۆیشتن) گوزارەی ڕستەكەن.

ئەم قوتابخانەیە كاریگەرییەكی تایبەتی لە سەر زمانەوانی ئەوروپا پێش جەنگی دووەمی جیهانی هەبوو، چونكە ئاراستەیەكی زمانەوانی نوێ بوو، بەڵام ((تەمەنی ئەم قوتابخانەیە تەنها (10) ساڵی خایاند، لە بەر ئەوەی ئەلمانیەكان چێكۆسلۆڤاكیایان داگیركرد و زانكۆكانیان داخست، بەمەش قوتابخانەكە لەبەریەك هەڵوەشایەوە بە تایبەتی دوای مردنی تروبتسكۆی لە ساڵی 1939ز دا، دواتر بە ماوەیەكی كەم پێش كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی 1942 دامەزرێنەر و پێشەوای یەكەمی براگیش كۆچی دوایكرد)) (بیان ملا حمدەمین، 2013: 28).

ئەم بارودۆخانە وایكرد قوتابخانەكە پەرت و بڵاوبێتەوە، بەڵام ((لە ساڵانی پەنجاكان هەندێ لە زانكۆكانی چیكۆسلۆڤاكیا هەولیاندا ڕێبازی قوتابخانەی براگ زێندووبكەنەوە، بەڵام بە ناونیشانی نوێ وەكو (پەیوەندی زمانی ـ association linguistic) و كۆمەڵە زمانەوانی ئەركی(The Group for Fanctional )زۆر كەسی چالاك چوونە پاڵ ئەم كۆمەڵەیە و دەستیان بە بڵاوكردنەوەی گۆڤارێكی ئەكادیمی وەرزی كرد بە ناوی ( Travaux linguistguede prague))(ساجیدە عەبدوللا فرهادی، 2008: 18).

قوتابخانەی براگی زمانەوانی تیۆرێكی گرنگی ڕێزمانی خستەڕوو ئەگەرچی تەمەنی ئەم قوتابخانە زۆر كورت بوو، بەڵام لایەنی بیری زمانەوانی لە لێكۆلینەوە زمانەوانیەكاندا ((تا كۆتایی حەفتاكان باڵی كێشابوو بە سەر ڕۆژهەلاتی ئەوروپا... وە باڵی بەسەر لێكۆلینەوە ئەركییەكاندا گرت و كاریگەری كردۆتە سەر ئەو تیۆرە ئەركیانەی كەدواتر دەركەوتن)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 60).

### 3.2 ـ قوتابخانەی لەندەن The Landon School:

سەرهەڵدانی قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن بۆ ئەو بیرۆكە زمانەوانییە دەگەڕێتەوە كە لە قوتابخانەی براگەوە سەری هەڵدابوو، چونكە ئەو بۆچوونە زمانەوانییانەی ئەوان دەستیان پێكرد، قوتابخانەی لەندەن درێژەی پێداو بەرەو پێشەوەی برد، گەشەكردنی ڕێبازی ئەركی لە قوتابخانەی لەندەندا بۆ ((ساڵانی چل و پەنجاكانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، كە كۆمەڵێك زمانەوان بەڕابەرایەتی (فێرس) كە كاریان لە گەڵ دەكرد توانیان درێژە بە توێژینەوەی زمانەوانی ڕۆژهەلاتی و ئەفریقی بدەن، بە شێوەیەكی گشتی و بە شێوەیەكی تایبەتی فێرس بایەخی بەلایەنی فۆنۆلۆجی و واتا داوە)) (ڕۆبنز، 1990: 315) ئەمەش وەك سەرەتایەك بوو بۆ قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن، چونكە ((فێرس لە ساڵی 1944ز وەك مامۆستا لە زانكۆی لەندەن وەرگیراوە، هەروەها بە یەكەم كەس دادەنرێت، كە هەڵگری بڕوانامەی (Lingustics) زمانەوانی بووە، ئەم پلە و پایەیەی لە زانكۆكانی بەریتانیا وەرگرتوو، تاكو ساڵی 1956 مامۆستای زمانەوانی گشتی ( General Lingustics) بووە)) (جفری سامسۆن، 1994: 227).

هەروەها((لە ڕووی پایەوە فێرس لە قوتابخانەی لەندەن بە پایەبەرزترین زمانەوان دەناسرێت، زۆرجار قوتابخانەی لەندەن بە قوتابخانەی فێرس ناونراوە)) (شیرزاد سعید صدیق، 2008: 5).

ئەو زمانەوانەی كە خەریكی پەرەپێدانی بیروڕاكانی فێرس بوون، بە فێرسە نوێیەكان ناسرابوون، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بەرەو لایەنی (وشە و ڕستە)ش هەنگاوییان نا و لێكۆلینەوەكانیان لە سەر ئەم دوو بابەتە فراوانتركرد و نووسینەكانیان لایەنی ئەركی وەرگرت ، كە تایبەتمەندییەكی قوتابخانەی لەندەن بوو، ئەمەش لە زۆر لایەنی شیكردنەوەی زمانی ڕەنگیداوەتەوە.

قوتابخانەی زمانەوانی لەندەن جیاوازە لەگەڵ قوتابخانەكانی تر، ئەویش لە ژێر كاریگەری بۆچوونەكانی سوسێردانەبووە، لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەكانی بۆ هەندێك ئاخاوتن، چونكە جەختكردنەوەی سوسیر لە سەر ئەوە بوو، كە ((قسەكردن بەرهەمێكی تاكە كەسییە و هیچ پەیوەندییەكی بە لایەنی كۆمەڵایەتییەوە نییە)) (عبلە شریفی، 2011: 26). ئەم بیرۆكەیە لەلای زمانەوانی بەریتانی (جۆن ڕۆبێرت فێرس) و قوتابییەكانی دانگدانەوەیەكی هەبوو، چونكە بەلای فێرس (( زمان لای ئەو پەیوەندییەكی ئەندامییانەیە، كە بە دەوروبەری كۆمەڵایەتییەوە دەبەسترێتەوە)) (ئیبراهیم خلیل، 2016: 52)، ڕاستە ئاخاوتن بەرهەمێكی تاكەكەسییە بە پێی بیروڕاكانی سوسێر، چونكە بەلای سوسێرەوە كە قسەكەر قسەیەك دەكات، تەنها مانایەكی لەلا مەبەستە، بەڵام لە ڕوانگەی ئەركی كاتێك قسەكەر قسەیەك دەكات ،دەبێت بە پێی ئەو دەوروبەرەی قسەكەی تێداكراوە، شیكردنەوەی بۆ بكرێت، بۆ نموونە:

ــ Azad coming tomorrow

ــ ئازاد بەیانی دێت.

ئەم ڕستەیە لە ڕوانگەی قوتابخانەکانی تردا تەنیا یەك مەبەست دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیە لەڕوانگەی ئەرکی بەو دەوروبەرەوە ببەستینەوە، کە ڕستەکەی تێدا وتراوە، ئەوا ڕەنگە ئەم مەبەستانە بدات وەك:

- ڕەتکردنەوەی هاتنە لە ئێستادا.
- پەیمان دانە بەهاتن.
- هەڕەشەکردن.
- ئاگادارکردنەوەیە.
- دەستنیشانکردنی کاتی هاتنە.
- دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی کە دێت (ئازاد)ە.

هەموو ئەو لێکدانەوە بە هۆی ئەو دەوروبەرەوە دەبێت، کە ڕستەکەی تێدا وتراوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەرکیدا (فێرس)[1] پێی وایە واتای ڕستە دەبێت لە چوارچێوەی بەکارهێنانیدا بە پێی دەوروبەرەکە لێکبدرێتەوە، هەر بۆیە قوتابخانەی لەندەن بە مودێلی دەوروبەر ناسراوە، بە پێی قوتابخانەی لەندەن ((واتای ڕستە بەرهەمی هەڵویستە ڕاستەوخۆیەکانی تاکە لە دەوروبەرێکی دیارکراودا، کە تاك لەناو کۆمەڵدا بەکاردێنێ، بۆیە پێشنیاری ئەوەی کرد، کە زمان وەك بەشێك لە کردە کۆمەڵایەتیەکاندا بخوێندرێ))(بیان ملاحمدامین،2013، 36).

ئەم قوتابخانە زمانەوانییە دوای خستنەڕووی تیۆرێکی گرنگی ڕێزمانی ((توانی تا کۆتایی حەفتاکان باڵ بە سەر ڕۆژئاوای ئەوروپا بکێشێت... وە باڵی بە سەر لێکۆڵینەوە ئەرکییەکاندا گرت و کاریگەری کردۆتە سەر ئەو تیۆرە ئەرکیانەی کە دواتر دەرکەوتن)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2015: 60).

### 4.2 قوتابخانەی لەندەن و ڕێزمانی سیستەمی:

لە قوتابخانەی لەندەن ((ڕێزمانی سیستەمی ـ Systemie Grammar) بە تەواوترین تیۆری زمان دەژمێردرێت، کە زمانەوانی بەریتانی (مایکل هالیدای، لە ساڵی 1961 بنەماکانی داناوە)) (لورینوتود، 1994: 17). لە دوای ئەویش ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە لە ڕووی پراکتیکەوە هەوڵی زیاتریان دا، بۆ ئەوەی بنەماکانی ئەم قوتابخانەیە فراوانتر بکەن، چونکە(( ڕێزمانی سیستەمی لە سەر بنەمای فرە ئەرکی دادامەزراوە، ئەم بنەمایەش لە سیستەمی زمانەوانیدا ڕەنگیداوەتەوە، واتە هەر پێکهاتەیەك بنیادێکی زمانی و جۆرە ئەرکێکی جیاوازی هەیە)) (ساجیدە عەبدوللا فرهادی، 2003: 18).

کەواتە ڕێزمانی سیستەمی، یان ڕێزمانی سیستەمی ئەرکی[2] لە سەر بنەمای سیستەم و ئەرك دانراوە، هالیدەی بۆ دەوڵەمەندکردنی تیۆرەکەی سوودی لەو پێکهاتە زمانییە وەرگرتووە، کە پێشتر فێرس ئاماژەی پێدابوو. بۆیە ڕێزمانی سیستەمی بە تیۆرێکی هاوبەش دادەنرێت لە نێوان (فێرس و هالیدای) دا، چونکە کارەکانی فێرس بە بەردی بناغەی ڕێزمانی سیستەمی دادەنرێت. ((ئەم سیستەمەش بریتییە لە کۆمەڵە تۆڕێك لە پەیوەندی بە یەکداچوو، کە دەتوانێ زمان و ڕێزمانی هەر زمانێك لە خۆ بگرێت)) (بیان ملا حمد امین، 2013: 38).

ڕێزمانی سیستەمی جەخت لە سەر لایەنی ئەرکی زمان و بەکارهێنانی دروستی زمان دەکاتەوە، ئەرکی زمانیش وەڵامدانەوەی دوو پێویستی سەرەکی ژیانی مرۆڤە وەك:

أ ـ پێویستی دەربڕینی بیروڕاکانە.

ب ـ پێویستی پەیوەندیکردنە بە تاکەکانی کۆمەڵەوە.

کەواتە بەکارهێنانی دروستی زمان هۆکارێکە بۆ قسەکەر، کە دەربڕینی ئاخاوتن پێادەدەکات، بۆ نموونە: تێپەڕی و تێنەپەڕی لە لای هالیدای بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان کردەو بەشداربووانی هەیە، کە لە کاتی دەربڕین هەر ڕستەیەك پەیدا دەبێت وەك:

- قوتابییەکان چوونەوە.
- کوترەکە فڕی.
- سۆران چاپەکەی خواردەوە.
- کرێکارەکە دیوارەکەی رووخاند.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا ڕستە (1 / 2) جولەیە (Action) دەگەیەنن، ڕستە (3 / 4) ڕووداو (Event) دەگەیەنن، کەواتە هەر یەك لەم ڕستانەی سەرەوە لە دوو توخم پێکدێت ئەویش:

1 ـ کردە: کارەکە دەگرێتەوە.

2 ـ بەشداربووان: ئەو بەشداربووانەی کە لە گەڵ کاری ڕستەکە دێن و ڕستەیەکی تەواو دروستدەکەن.

((ئەو بەشداربووانەی لەم ڕستانەدا لە گەڵ (جولەوە) هاتووە پێیان دەوترێت کارا (Actor) وە ئەو بەشداربووانەی کە لە گەڵ ڕووداویش هاتوون پێیان دەوترێت کارتێکراو (Patient) ... هالیدەی هەولیداوە سیستەمێکی ڕێزمانی لە سەر بنچینەی ( واتا و ئەرك ) دروستبکات ، چونکە وای دەبینێ هەموو زمانێك بەو جۆرە دروستکراوە، کە بەکارهێنەرانی بتوانن واتای جیاجیای پێ دەربڕن)) (ساجیدە عەبدوللا فرهادی، 2003: 20)، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا

---

[1] . فێرس تێورەکەی مالینوڤیسکی لە بارەی واتاوە وەرگرت لایەنی دەوروبەری کردە بنەما بۆ وەسفکردنی و تیۆرەکەی خۆیدا، کەچی فێرس بە تەواوی لە ژێرکاریگەری بۆچوونەکانی مالینۆڤیسکی بووە، تویژینەوەی زمانی لە چوارچێوەی دەوروبەری ڕوودان لە مالینوفیسکی وەگرت) (بیان ملا حمد أمین، 2013: 36).

[2] . Systemic functional grammar.

هەموو ڕستەیەك تەنیا یەك جۆر بەشداربووی لە گەڵ نایەت، بەڵکو بەپێی پێویستی (کارەکەیە) کە کارەکە بەشداربووەکانیش دەگۆڕێت، وەك:

ــ مامۆستاکە گوتارێکی نووسی.

ــ پیاوەکە دەرگاکەی کردەوە.

ــ شوانەکە لە سەردارەکە کەوت.

ــ کرێکارەکە لە بن دیوارەکە وەستاوە.




واتە بە پێی ڕێبازی ئەرکی هەر ڕستەیەك پشت بەدوو ئاست دەبەستێت: ئاستێك بریتییە لە نواندنی واتایی بۆ توخمەکان (پەسەندی واتایی) و ئاستەکەی تری بریتییە لە کردەو هاوبەشەکانی (پەسەندی ڕێزمانی)، بەڵام لە لای سایمون دیك ((ڕستە بە پێی ڕێزمانی ئەرکی بریتییە لە پێشبینێك کە لە گەڵ چەند ناو لێنراوێك دێت، بە هەموویان دەربڕینێك یان ئاخاوتنێك دروستدەکەن، کە ئاماژە بۆ جیهانی دەرەوەی زمان دەکات))، (Dik Simon, 1978:128) کە دەبێتە هۆی پەیوەندیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا بە یەکتری و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوانیاندا.دوای ئەوەی ئەم ڕێبازە لە ڕێگای زمانەوانە ڕۆژئاواییەکان توانی بە هەموو زانکۆکانی ئەوروپا بڵاوببێتەوە و پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆی بینی، بۆیە سایمون دیك لە ساڵی 1978ز توانی بنەماکانی ئەم قوتابخانە بەتەواوی دابنێت کە خۆی لە (10) بنەمای گرنگی زمانی دەبینێتەوە، هەروەها سایمون دیك دەربارەی ڕستە وای بۆ دەچێت، کە لە کاتی شیکردنەوەی هەر ڕستەیەك دەبێت لە هەر سێ ئاستی زماندا شیکردنەوە بۆ ڕستە بکرێت وەك:

1 **- ئاستی ڕێزمانی**: مەبەست لەم ئاستە دڵنیابوونە لەو پەیوەندییە گونجاوەی کە لە نێوان وشەکانی هەر ڕستەیەك دا هەیە، کە چاڵەکانی ڕستەی پێ پڕدەکرێتەوە وەك:

ــ هەلالە پەرتووکێکی ڕێزمانی کڕی.

ئەم ڕستەیە ئاماژە بۆ دوو شت دەکات:

أ ــ ئاماژە بە شوێنی وشەکانی ناو ڕستەکە دەکات، کە وشەی یەکەم (هەلالە) چاڵی بکەر و وشەی دووەم (پەرتووکێکی ڕێزمانی )چاڵی بەرکارو وشەی سێیەم (کڕی) چاڵی کاری ڕستەکە پڕدەکاتەوە.

ب ــ ئاماژە بە پەیوەندی نێوان وشەکانی ناو ڕستەکە و ئەرکی وشەکان دەکات، ئەگەر بکەر نەبوایە کارەکەش نەدەبوو وە بە پێچەوانەوە.

2 **- ئاستی واتایی**: مەبەست لەم ئاستە پەیوەندی واتایی نێوان وشەکانی ڕستەیە، چونکە ئاستی ڕێزمانی پێویستی بە ئاستی واتایی دەبێت بۆلێکدانەوەی ڕۆڵی واتایی پێکهاتەکانی ڕستە. وەك وشەکانی ئەم ڕستەیە، کە واتایێکی تەواویان بەخشیوە بەو ڕستەیە، کە تایبەتە بە پرۆسەی فێرکردن و خوێندنەوە.

کەواتە دەستنیشانکردنی واتای ڕستە بەگوێرەی دەوروبەرەکەی پێویستی بەم خاڵانە هەیە:

أ ــ ئەو شوێنەی کە ڕستەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

ب ــ کاتی وتنی ڕستەکە لە چ بارودۆخێك بووە ، مەبەستی بارودۆخی قسەکردنەکەیە.

ج ــ ئەو کەسانەی بەشداری لە ڕستەکەدا دەکەن و گەیاندنەکە دەگەیەنن.

د ــ ئەرکی ڕستەکە مەبەست لەوتنی چ بووە.

بەلام هەندێکجار ڕیزکردنی کەرەستەکان لە ناو یەك ڕستەدا یان پاش و پێش کردن و بەلووتکەکردنی کەرەستەیەك لە لایەن قسەکەرەوە، ئەوا کاریگەری دەروونی قسەکەرمان بۆ پیشاندەدات. بەو جۆرە ڕیزکردنی کەرەستەکان دەگۆڕێت لە ڕیزکردنێکی ئاسایی بۆ ڕیزکردنێکی نائاسایی کە ئەمەش ((سەرەتا لە ژێر باری دەروونی زانیاری گشتییەوە دەردەچێت، دەیەوێت بیکات بە (Topical) بۆ هەموو ئەو واتایانەی کە بەدوایدا دێت، چونکە هۆی دەرپەڕینی زانیارییەکانیش پەیوەندی بەو نەخشیەوە هەیە، کە قسەکەر لە مێشکی خۆیدا بۆ ناردنی بیرۆکەکەی ئامادەی کردووە)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2004: 200). بۆ نموونە:

أ ــ نازەنین دیارییەکی بەنرخی بۆ هات.

ب ــ دیارییەکی بەنرخ بۆ نازەنین هات.

یەك بیرۆکە و هەمان کەرەستە،بەڵام دوو ڕیزکردنی جیاواز لەم دوو ڕستەیە دەبینرێت، لە ڕوانگەی ڕێبازی ئەرکییەوە هەریەك لەم ڕستانەدا واتایەکی جیاوازی هەیە و بۆ دەوروبەرێکی جیاواز بەکاردێت، ئەمەش قسەکەر ئەمەی بە مەبەست کردووە، بۆ ئەوەی سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆی ڕابکێشیت، بەمەش توخمی کاریگەری هێناوەتە پێشەوەو کردوویەتی بە (Topical) بۆ ڕستەکە.

3 **- ئاستی پراگماتیك**: مەبەست لەم ئاستە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی ڕستە و گوتنەکانە، چونکە ((پراگماتیك هەولدەدات بنیاتی زمانی ڕستەکە و گوتنەکانی بە پێی ئەو دەوربەری کە ڕستەکەی تێدا دەگۆترێت پێکەوەیان ببەستێتەوە)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 118).

کەواتە پێکەوە بەستنی ڕستە بەو دەوروبەرەی کە ڕستەکەی تێدا دەوترێت بۆ گەیاندنی زانیارییێکە یان دیارکردنی مەبەستێکە وەك:

أ ــ کچەکەی نەوزاد بەیەکەم دەرچوو.

ب ــ نەوزاد کچەکەی بەیەکەم دەرچوو.

ئەگەر تەماشای ئەم دوو ڕستەیە بکەین، ئەوا دەبینین تەوەرەی ئەم ڕستانە جیاوازن و هەر یەکەیان لە دەوروبەرێك و بۆ بابەتێك دەشێت، گوتنی ڕستەی (أ) بۆ ئەو دەوروبەرە دەگونجێت کە پرسیارەکەی بەم شێوەیە بێت: (کچەکەی کێ بەیەکەم دەرچوو؟).وە گوتنی ڕستەی (ب) بۆ ئەو دەوروبەرە دەشێت کە پرسیارەکەی بەم شێوەیە بێت: (نەوزاد کچەکەی بە چەندەمین دەرچوو؟).

لە ڕۆنانی ڕستەی ڕێزمانی (بکەر) بە پلەی یەکەم لە سەرەتایی ڕستەدا دێت، بەڵام لە ڕۆنانی گوتندا کەرەستەی کۆن، یان زانیاری زانراو لە پێش کەرەستەی نوێ، یان زانیاری نەزانراو دێت. لە ڕووی پراگماتیکەوە دەوروبەر خۆی بارودۆخێکە، کە کاریگەری لە سەر پرۆسەی گەیاندنی زانیاری دا دەبێت، بۆیە لە کاتی گوتنی هەر ڕستەیەك پێویستە ڕاچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

1 ــ حاڵەتی ڕاستەوخۆی قسەکەر.

2 ــ ئەو دەوروبەرەی کە قسەکەر قسەی لێ دەکات.

3 ــ مەبەستی قسەکەر لە ڕووی بە لوتکەکردنی کەرەستەیەك.

4 ــ ئاستی قسەکەر لە ڕووی رۆشنبیری و پیشەییەوە.

بەڕاچاوکردنی ئەم خاڵانە لە ڕووی پراگماتیکەوە دەگەینە ڕۆنانی هەموو ڕستەیەك و ناپەسەندی(ڕیزمانی و واتایی ) ڕستەکە تا ڕادەیەکی زۆر ناهێڵێت.

**3ـ تایبەتمەندییەکانی ڕێزمانی ئەرکی:**

ڕێبازی ئەرکی چەند تایبەنمەندییەکی هەیە، کە لە ڕێبازەکانی تر جیادەکاتەوە وەك:

1 ــ زمان فرە ئەرکە و بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت، بەڵام ڕێبازی ئەرکی پێی وایە ئەرکی سەرەکی زمان گەیاندنی زانیارییە (نادیە رمچان النجار، 2013: 204).

2 ــ پێکهاتەی بنیاتی زمان بەستراوەتەوە بەو ئەرکەی کەرەستە زمانییەکە لە کاتی بەکارهێنانیدا بە پێی ئەو دەوروبەرە دەیبینێت، ئەمەش وای کردووە کە پێکهاتە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەرك بێت.

3 ــ وەسفی زمان بریتییە لە توانای گەیاندنی زانیاری لە نێوان قسەکەر و گوێگر، توانست بریتییە لە کۆمەڵێك یاسای پێکهاتەیی و ئەرکی وا لە قسەکەر و گوێگر دەکات دەربڕینێکی زمانی دیاریکراو بەکاربهێنن، بۆ جێبە جێکردنی مەبەستێك لە بابەتێکی دیاریکراودا. (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 61).

4 ــ ڕێبازی ئەرکی سیستەمێکی ڕێزمانییە و لە سەر بنەمای واتا و ئەرك دروستبووە.

5 ــ لە ڕێزمانی ئەرکیدا ئاستی سەرەکی ئاستی واتا و پراگماتیکە، کە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی ڕستە دیاریدەکات (احمد المتوكل، 2012: 26).

6 ــ زمانەوانانی ئەرکی تەنیا لەو یاسا ڕێزمانییانە ناکۆڵنەوە کە لە ڕێزمانی سیستەمی باسی لێوەکراوە، بەڵکو هەولدەدات بگاتە ئەو زانیارییەی کە لە مێشکی قسەکەرەکە دا هەیە، بە تایبەتی کە قسەکەر ڕستەیەك دەردەبڕێت هۆکارەکەی لە لا مەبەستە، کە قسەکەر لە کوێ دا چی دەڵێ، چۆن زانیارییەکە دەگەیەنێت؟.

7 ــ ڕێبازی ئەرکی بەوە لە ڕێبازەکانی تر جیادەکرێتەوە، تەنها لە سنووری ڕستە ناوەستێت، بەڵکو خۆی لە ڕۆنانێکی گەورەتر لە ڕستەدا دەدات وەکو (دەق، دارشتن، پارچە ئاخاوتن).

## 3. بەشی دووەم

### 1.3 بنەماکانی ڕێبازی ئەرکی:

ڕێبازی ئەرکی بە تەواوترین تیۆری زمانی دەژمێردرێت، کە گرنگی بە بەکارهێنانی زمان و نرخی گەیاندنی زانیاری دەدات، هەروەها ڕێبازی ئەرکی لە سەر بنەمای فرە ئەرکی زمان بنیاتنراوە، ئەم بنەمایەش لە سیستەمی زمانەوانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لەوەدا هەر پێکهاتەیەك و بنیادێکی زمانی جۆرە ئەرکێکی جیاوازی هەیە ،بنەماکانی ڕێبازی ئەرکیش ئەمانەن:

**1ـ کەرەستەبوونی زمانی:**

((زمان لە لای لایەنگەرانی ڕێبازی ئەرکی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی پەیوەندیکردن و گەیاندنی زانیاری دهێتەبکارهێنان)) (احمد المتوكل، 2006: 20)، یان زمان ڕێگایەکە، کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەتوانێت ئاماژە بە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بکات و ئەم بیرو بۆچوونانە بگەینێتە کەسانی تر وەك:

ــ من پەرتووکەکەم دا شیلان.

ــ پەرتووکەکە من دامە شیلان.

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ڕستەیەدا ئەوەیە چ زانیارییەك لە نێوان کەرستەبوونی زمانی بەدیدەکرێت، کاتێك کەرەستەکان پاش و پێش دەکرێن یان جیگۆڕکێیان پێ دەکرێت، لە ڕستەی یەکەمدا هاتنی بەرکار لە دوای بکەردا مەبەست لێی زانیارییەکی نوێیە بۆ وەرگری کە پێشتر ئەم زانیارییە لە لای گوێگر نەبووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا هاتنی بەرکار لە پێش بکەری مەبەست لێی ڕاستکردنەوەی یەکێك لە زانیارییەکانە کە پێشتر لە لای گوێگر هەبووە.

**2ـ ئەرکی کەرەستەکانی زمان (ئەرکی زمانی کەرەستە):**

زمان کەرەستەیە، بۆیە ئەرکێکی دیاریکراو ئەنجامدەدات، ئەحمەد ئەلموتەوکیل دەڵێت: ((زمان کەرەستەیەکە هەر چەند بۆ کاروباری جیاجیا دەهێتەبەکارهینان وەکو دەربڕینی خەیاڵ و هەست و سۆز و بیروباوەڕ...، بەڵام لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی لە دەست نادات،

کە گەیاندنی زانیارییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا)) (احمد المتوکل، 2006: 21). بۆیە ئەرکی سەرەکی زمان بە دەستهێنان و گەیاندنی زانیارییە بۆ ئەو بیرو بۆچوونەی کە دەیەوێت لە ڕێگای گەیاندنەوە بگەیەنێت بە کەسانی تر، یان بەرکارهێنانی زمان بە گەلێك شێوە دهێتەبەکارهێنان سەرجەم شێوەکانیش هەولی بەدەستهێنان و گەیاندنی زانیاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دەدەن، واتە بەکارهێنانی هەر کەرەستەیەکی زمان بۆ هەر مەبەست و ئامانجێك بێت، ئەرکێکی بەدوادا دێت، ئەم ئەرکەش دیاریکردنی سنووری زانیاری گەیاندنەکەیە، کە مەبەست لە ناوەرۆکەکەی (ڕاگەیاندنە، پرسیارە، فەرمانە، پەیمان، داخوازی... هتد.

**3- زمان و بەکارهێنان:**

هەموو ئەو وشانەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا بوونیان هەیە، دوو پێکهاتەیان هەیە، ((ئەویش پێکهاتەی زمان و پێکهاتەی بەکارهێنانە، ئەم دوو پێکهاتەیە بە شێوەیەکی بەهێز پێکەوە گرێدراون، ئەم پێکەوە گرێدانەش هەندێ حالەتی تر دیاریدەکات، کە پێکهاتەی بەکارهێنان حالەتی (ڕێزمانی و پێکهاتەی زمانی و فەرهەنگی و واتایی و دەنگی)، مان بۆ دەست نیشاندەکات))(مریم بوقرە: 2018 : 217 ـ 241). بۆ نموونە:

ـــ مامۆستا قوتابی فێردەکات.

ئەگەر تەماشای پێکهاتەیی زمان و شێوازی بەکارهێنانی بکەین، ئەوا دەبینین ئەم ڕستەیە هەموو حالەتەکانی ڕێزمانی و واتایی فەرهەنگی و پێکهاتەی دەنگی لە خۆ گرتووە.

بەلام هەندێکجار واتای وشە بە پێی بەکارهێنانی دەورووبەرەکەی، یان بەگۆڕەی بەکارهێنانی لە ناو ڕستەدا چەندین واتای جیاواز دەدات.بۆ نموونە وشەی(دەست) تاکە وشەیەکە لە کاتی بەکارهێنانیدا چەندین واتایی جیاوازی هەیە، زۆرجار لە واتا فەرهەنگییەکەی دووردەکەوێتەوە وەك:

((پیاوێکی دەست پاکە ــ جێی بڕوا ومتمانەیە.

پیاوێکی دەست و پێ سپی یە ــ هیچ پیشەیەك نازانی

دەست بەسەرە ــ واتە دیلە

کوڕێکی دەست بەتاڵە ــ کاری نییە)) (عەبدوللا عزیز محمد: 1990: 42).

دەست کورتە ــ واتە هەژارە.

دەست پیسە ــ واتە دزە، جیی بروا و متمانە نییە.

دەستی دەڕوات ــ واتە بەرپرسە، یان خەڵکی لە پشتە، یان شارەزایە خەلك دەناسێت.

بەدەست و قامە ــ واتە شتی پێ چاك دەبێت.

دەست ڕەنگینە ــ واتە شارەزایی لە پیشەدا هەیە.

**4 ـ دەورووبەر و بەکارهێنان:**

زمانەوانە ئەرکییەکان پێیان وایە دەورووبەری بەرکاهێنانی زمانی دەبێتە سێ جۆر، وەك:

**أ ـ دەورووبەری وتار:**

بریتییە لەو دەورووبەری کە زمانەکەی تێدا بەکارهاتووە و وتارەکەی پێ دەڕپراوە، واتە وتارەکە دەبێت لە گەڵ ئەو دەورووبەرەی کە تێدا گوتراوە بگونجێت، ئەحمەد ئەلموتەوەکیل وای بۆ دەچێت، کە ((وتار بریتییە لە کۆمەڵ دەربڕینێك، کە هەلوێستێکی گەیاندنی تێدا لێ بەدیدەکرێت، بەڵام ئەم گەیاندنە لە ڕێگای تاکە ڕستەیەکەوە نابێت، بەڵکو زۆربەی کات لە ڕێگای تێکستێکی تەواو ئەنجام دەدرێت)) (احمد المتوکل: 2016، 384).

بۆ نموونە من چیرۆکی مەم و زینم خوێندەوە و من خۆشیم لە ئەو بینی، بەلام ئەو چیرۆکێکی دوور و درێژەو پڕە لە مەینەتی.

بکارهێنانی جێناوی (ئەو) لە جیاتی چیرۆکی مەم و زین بەکارهاتووە بە پێی ئەو دەورووبەرەی کە ئەم دەربڕینەی تێدا بەکارهاتووە، بۆ ئاسانی وتنی دەربڕینەکەیە.

**ب ـ دەورووبەری هەلوێست :**

هەندێکجار ئەم جۆرە دەورووبەرە پێی دەوترێت ( دەورووبەری بارودۆخ) ئەم جۆرە دەورووبەرە زیاتر بەپێی بارودۆخی دەورەبەرەکە وەرگر هەلویستی دەبێت،یان ڕەتیدەکاتەوە، یان هەلەکە چاك دەکاتەوە، بۆ نموونە:

ــ ئێران لە سالی 2003 عیراقی ئازاد کرد.

ئەگەر وەرگر شارەزایی هەبێت کە عیراق لەلایەن ئەمریکا ئازادکراوە یەکسەر ڕستەکە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر شارەزایەکی ڕاستەوخۆی نەبوو، ئەو دواتر بەهۆی زانینەکانی پێشتری ڕاستی و خەڵەتی ڕستە دەست نیشان دەکات.

**ج ـ دەورووبەری ڕێزمانی:**

بریتییە لەو دەورووبەرەی کە کەرەستەی ڕێزمانی تێدا دەهێتەبەکارهێنان، چونکە زۆر جار قسەکەر لە ڕیزکردنی ئاسایی وشەکان لادەدات و زیاتر بە هۆی دەورووبەرەکەوە ئەو وشە دەکاتە تەوەری ڕستەکە، کە بۆ دەورەبەرەکە گونجاوە بۆ نموونە:

(( ــ قازی محەمەد دامەزرێنەری کۆماری مهاباد بوو.

ــ دامەزرێنەری کۆماری مهاباد قازی محەمەد بوو)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 67).

هەر یەکێك لەم ڕستانەدا بۆ دەورووبەرێکی جیاواز بەکار دێن، ئەم دوو بەکارهێنانەش پەیوەندی بە زانیاری نێوان ئاخێوەرانەوە هەیە، هەریەکییان گریمانەی ئەوە دەکات گوێگر شتێك دەزانێت و دەکاتە تەوەری باسەکە، بۆ نموونە ڕستەی یەکەم ناساندنی (قازی محەمەد)ە، بەڵام ڕستەی دووەم ئەرکی ڕاگەیاندنی ئەوە دەبینێت، کە (کێ) کۆماری مهابادی دامەزراند. کەواتە هەریەکێك لەم دوو ڕستەیە بۆ دەورووبەرێکی جیاواز دەهێتەبەکارهێنان.

5 ـ زمان و بەکارهێنەر:

زمان ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی بیرو بۆچوون، وە ڕێگایەکە بۆ بیرکردنەوە و ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی زانیاری بەکەسانی تر. لێرەدا مرۆڤ ڕۆژانە زمانی بەکاردەهێنێت، بە پێی ئەو هەلویستانەی ڕۆژانە پێیدا تێپەڕ دەبێت، بۆ نموونە هەلویستی دڵخۆشی جیایە لە گەڵ هەلویستی خەم و ناخۆشی یان توڕەیی، چونکە مرۆڤ هەلویست وەردەگرێت بەپێی ئەو ناوەڕۆکەی کە بووتە هۆی کەیفوخۆشی ، یان خەم و ناخۆشی...هتد، بۆیە دەتوانین ئەم جۆرە هەلویستانە دابەشی سەر ئەم جۆرانە بکەین:

1 ـ هەڵوێستی زانین: مەبەست لەم جۆرە هەڵوێستە ئەوەیە، کە ((بەکارهێنەر زمان بەکاردەهێنێت بۆ هەڵوێستێکی (ڕاستی، گومان، پێشبینی))یە (احمد المتوکل: 2016، 386)، وەك:

ـــ هەڵوێستی ڕاســتی ـــ زانست ژیان ڕۆناکدەکاتەوە.

ـــ هەڵوێستی گومــان ـــ ئەمڕۆ کەش و هەوا لە بار نییە بۆ گەشتکردن.

ـــ هەڵوێستی پێشبینی ـــ هەفتەی داهاتوو مووچە دابەشدەکرێت.

2 ـ هەڵوێستی هەڵچوون: مەبەست لەم جۆرە هەڵویستە ((هەڵوێستی سەرسوڕمانە یان سەرسامییە، کە بەکارهێنەرانی زمان لە کاتی بینینی هەندێ دیمەن تووشی ئەم جۆرە هەڵوێستە دەبن)) (احمد المتوکل، 2006: 25).

ـــ هەڵوێستی سەر سامی ـــ ئەم منداڵە چەند جوان قورئان دەخوێنێتەوە !

ـــ هەڵوێستی سەرسورمان ـــ چۆن منداڵ بچووك ڕێز لە گەورە نانێت !

3 ـ هەڵوێستی پێداچوونەوە: مەبەست لەم جۆرە هەڵوێستە ((خۆ ڕزگارکردن لە ناوەڕۆکی هەڵوێستەکە یان خۆ دەربازکردنە لە بەرپرسیارێتیی وەڵامدانەوەی هەڵوێستەکە)) (احمد المتوکل، 2016، 386) وەك:

ـــ من ئاوای دەبینم،

ـــ من وای بۆ دەچم.

6 ـ توانستی زمان:

چەمکی توانستی زمانی یەکەمجار لەلای چۆمسکی بەکارهاتووە، ئەو پێی وایە، کە منداڵ لە دایکدەبێت، توانای بەدەستهێنانی زمانی دایکی هەیە، بۆیە زمانی دایك فێردەبێت و دەربڕینی پێدەکات و توانای بەکارهێنانیشی دەبێت، ئەگەر پێشتر ئەو زمانەشی گوێ لێنەبێت.

چومسکی دەڵێت: ((سیستەمی ڕێزمانی زمان ڕەنگدانەوەی کەرەستەیەکی دەستنیشانکراوە بەرامبەر گەلێك لە ئاخاوتنی ڕێزمانی، کە گریمانەی ئەوە دەکەن دەستنیشانکراو نەبن، یان ڕێزمانی سیستەمی ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری قسەکەرە، کە پشت بەستن لە سەر شارەزایەکانی خۆی لە سەر شتە دەستنیشانکراوەکان دەکات، کە توانای بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ژمارەیەکی زۆر دەستنیشان نەکراو هەبێت لە ڕستەی سادە)) (مریم بوقرە، 2018: 217 ـ 241)، بۆیە توانستی زمان لە لای قسەکەر و گوێگر زانینی زمانە وەکو ئەوەی دەیزانین.

تیۆری ئەرکی توانای گەیاندنی زانیاری هەیە، جا بە ڕێگای زمانی بێت یان بە ڕێگای نازمانی، بۆیە لە تیۆری ئەرکیدا ((توانستی زمانی بە ڕێگای زانینی زمان و زانینی دەوروبەر دەبێت، چونکە بەرهەمهێنان و دەربڕینی زمانی، وە تێگەشتنی قسەکەر و گوێگر بە ڕێگای دەوروبەرە دەبێت)) (مریم بوقرە، 2018: 217 ـ 241). بە پێی تیۆری چۆمسکی توانستی زمان ئەوەیە کە دەیزانین، بەڵام لە تیۆری ئەرکیدا زمان لەوە زیاترە کە دەیزانین و پشتی پێ دەبەستین.

7ـ کەرەستە بوون و بوونیادی زمانی:

ئەم بنەمایە گرنگترین پرەنسیپە لە دەستنیشانکردن و جوداکردنەوەی ئاڕاستەی ئەرکی لە گەڵ ئاڕاستەی وێنەیی ((گرنگترین پرەنسیپی لایەنی ئەرکی ئەوەیە، کە پەیوەندی بەکەرەستەبوونی زمانی و بنیادی زمانییەوە هەیە، چونکە پەیوەندی ئەرکی بەردەوام پەیوەندی بە پێکهاتەی زمانی هەیە، ئەم پرەنسیپە بنیادی زمانی و زمانی وەکو کەرەستەیەکی گەیاندن پێکەوە گرێدەدات)) (احمد المتوکل، 2016: 288). لە بەر ئەوەی بنیادی زمانی ئەرکی لە سەر بنەمای زانیاری گەیاندن دامەزراوە، بەلام ئاڕاستەیی وێنەیی زمان ئەوەیە کە ئێمە دەیزانین.

ئەحمەد ئەلموتەوەکیل لە سەر ئەم پرەنسیپە باسی چوار جۆر پێکهێنانی کردووە وەك:

1 ـ یاسایی ئەرکی: ((لایەنگرانی تیۆری ئەرکی بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی دەدەنە ئەرکی زمان، وە ئەرکی سەرەکی زمان لە لای ئەوان گەیاندنە. هەروەها زمان لە لای ئەوان بریتییە لە کۆمەلێك بنیاد، بۆیە پەیوەندی لە نێوان زمان و ئەرکدا هەیە)) (احمد المتوکل، 2006: 28).

2 ـ بونیاد و گەیاندنی نموونەیی: بۆ ئەوەی گەیاندن رووبدات پێویستە پێکهێنە سەرەکییەکانی گەیاندن هەبێت، وەك:( قسەکەر، وەرگر، نامە (گوتار))، ئەگەر هەر یەکێك لەمانەی تێدانەبوو ئەوە گەیاندن ڕوونادات.

3 ـ بنیاد و ئامانجی گەیاندن: لەلای لایەنگرانی تیۆری ئەرکی دوو ئامانجی سەرەکی هەیە، ((کە قسەکەر هەوڵی بە دەستهێنانی دەدات، ئەویش ئامانجی زیادکردنی زانیارییەکە، کە لە لای وەرگردا نییە، یان قەرەبووکردنەوەی یەك لە زانیارییەکانی وەرگرە بە زانیارییەك، کە قسەکەر وای دەبینێت ئەم زانیارییە لەلای وەگر هەیە)) (احمد المتوکل، 2016: 391).

4 ـ بنیاد و شێوەکانی گەیاندن: شێوەکانی گەیاندن بریتییە لە یەکگرتنی کۆمەڵێك پێکهاتەی گرنگ لە کاتی گەیاندنی هەر زانیارییەك پێویستە ڕاچاویان بکرێت وەك: (بابەتی گوتار و ئامانج و بنیاد و شێوازی گەیاندن)ەکە بۆ ئەوەی شێوەکانی گەیاندن بە تەواوی جێبەجێ بکرێت، گەیاندنێکی سەرکەوتووی لێ بەرهەم بێت، بۆ نموونە کاتێك مەلایەکی ئاینی باسی وتارێك دەکات دەبێت سەرەتا بابەتەکەی دەستنیشانبکات و پاشان ئامانجی گەیاندنەکەی دیاریبکات، بابەتی وتارەکەش بنیادێکی لەنێو کۆمەڵگا هەبێت، پاشان بە شێوازێکی سادە ساکار وتارەکەی پێشکەش بکات.

**8 ـ کەرەستەبوون و پێشکەوتنی زمان:**

((زمان کەرەستەیەکی گەیاندنە، وە ئەرکی گەیاندنیش کۆنترۆڵی بەشی هەرە گەورەی بنیادی زمان دەکات، بە شێوەیەکی بەردەوام، بۆیە بەشداری لە پێشکەوتنی زمان دەکات)) (احمد المتوکل، 2006، 35). بە پێی تێڕوانینی زمانەوانە ئەرکییەکان ئەگەر پێشکەوتنی زمان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرەو پێشەوەچوو، ئەوا ئەرکی گەیاندن سەرکەوتووتر لە ئاستەکانی پێکهاتەی ڕێزمانی و پراگماتیکی و واتایی بە دیاردەکەوێت بەو مەرجەی بونیادی زمانەکەش پێشبکەوێت، چونکە بنیادی هەندێك وشە بەپێی گۆڕینی سەردەم واتاکانیشی دەگۆڕێت.

**9 ـ کەرەستەبوون و گشتیداری زمان:**

هەموو زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە جودای دەکاتەوە لە زمانانی تردا، ڕەنگە بەهۆی لێکچوون خزمایەتی زمانەکان هەندێك زمان لە کەرەستە گشتییەکانی زماندا وەکو یەك بن، بەڵام لە کەرەستە تایبەتییەکانی زمانەکە جیاوازن، بۆ نموونە زمانی عەرەبی زمانەکی شیتەلکارییە[1] وە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی زمانەکی پێکەوەنووساو نییە، ئەگەر چیی پیتەکانیان بەدوای یەکدا دێت بۆ دروستکردنی واتای وشە، بەلام پیتەکانیان پێکەوە نانووسێت. سەرەڕایی هەموو ئەو جیاوازییانەی کە لە ڕووی زمان و واتاوە هەیە، بەڵام هەموو زمانەکان لە ئەرکە گشتییەکاندا، کە ئەرکی گەیاندنە یەکدەگرنەوە، ئەم ئەرکە گشتییە لە تیۆری ئەرکیدا کۆکردنەوە لە نێوان ئەرکی وێنەدا دەکات، یان کۆمەڵێك بنیادی زمانی لە نێوان ئەرکی و وێنەدا کە ئەرکی گەیاندن ئەنجامدەدەن بە ئەرکی گشتی هاوبەش لە نێوان تیۆرییەکاندا دەناسرێت.

**10 ـ کەرەستەبوون و وەرگرتنی زمان:**

وەگرتنی زمان سەرەتا لە لای منداڵ دەبێت کاتێك لە دایکدەبێت توانای وەرگرتنی زمانی هەیە، دواتر توانای گەیاندنی دەبێت لە گەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تێدادەژیت، پاشان فێری زمان و ڕێزمان و بەکارهێنانی دەبێت، بۆیە لە کاتی دەربڕینی هەر هەڵوێستێکی دەربڕینێکی تایبەت بەشتەکە بەکاردەهێنیت)) (احمد المتوکل، 2016: 390).

((بە پێی تیۆری ئەرکی لە کاتی بەکارهێنانی زمان لە لایەن ئاخێوەرانی، دەبێت هەر سێ لایەنی ئەرکی زمان لە بەر چاو بگرێت ئەویش:

1 ـ ئەرکی پێکهاتەیی[2].

2 ـ ئەرکی پراگماتیکی.

3 ـ ئەرکی گەیاندن)) (مریم بوقره، 2018: 217 ـ 241).

1 ـ ئەرکی پێکهاتەیی: ئەو ئەرکەیە، کە کاریگەری لە سەر سنوری دەربڕینەکان دادەنێت بە پێی تێڕوانینی قسەکەر دەستپێدەکات بۆ پیشکەشکردنی ناوەڕۆکی گوتارێك یان شێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئاڕاستەی دەستپێکردنی دوو قسەکەر دیاریدەکات، کە قسەکەری سەرەکی و قسەکەری لاوەکییە، لە سەر ئەم بنەمایە (ئەرکی بکەر)قسەکەری سەرەکی دەگرێتەوە، بەڵام ئەرکی لاوەکی ئەرکی بەرکاری وەردەگرێت، کە کاریگەری دەربڕینەکە کەوتۆتە سەر.

2 ـ ئەرکی پراگماتیکی ((ئەو ئەرکەیە کە بارودۆخی کەرەستەکان دەستنیشاندەکات بەپێی دەوروبەرەکەی کە پشت بەیەکێك لە کەرەستەکانی ناوەڕۆکی گوتارەکە دەبەستیت یان ناوەڕۆکی هەموو گوتارەکە)) (محمد الحسین ملیگان، 2008: 151).

3 ـ ئەرکی گەیاندن: ئەم ئەرکە بە گرنگترین ئەرك دەژمێردرێت، کە تیۆری ئەرکی لە سەر ئەم ئەرکە بنیاتنراوە، جا ئەم ئەرکە لە ڕێگای کەرەستەکانی زمانی، یان کەرەستەکانی نازمانی بەدەست دێت وەکو هێما، وێنە...هتد

**5 . ئەرکەکانی زمان لە ڕوانگەی قوتابخانەی ئەرکیدا:**

زمانەوانە ئەرکییەکان پێیان وایە تیۆری ڕێزمانی ئەرکی بەهێزترین تیۆری هاوچەرخی زمانەوانییە، کە گرنگی بە بەکارهێنانی زمان و نرخی گەیاندنی زانیاری دەدات، گەیاندنی زانیاریش بە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی زمان دادەنرێت. ئەرکییەکان بە تەواوی بایەخیان بەم لایەنە داوە و بەجۆرێك لە زمان دەڕوانن، کە هۆکارێکە بۆ مانەوەی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگادا، بەو واتایەی کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە زمان کۆمەڵێك ئەرکی جیاواز دەبینێت و لە ژێر کاریگەری دەوروبەردا ئەرکەکەی دەگۆڕێت، بۆیە هالیدەی بۆ بینینی ئەرکەکانی زمان دوو جۆر بۆچوونی ئەرکی دانا ((یەکەم ئەرکی زمانی گشتی بوو، کە بنچینەکەی بۆچوونێکی ئەرکییە، دووەمیان بۆچوونێکی ئەرکی ڕێزمانییە کە پەیوەندی بە ئەرکەکانی زمانەوە

[1] . شێتەلکاری: تحلیلیە

[2] . سایمون دیك لە جیاتی زاراوەی ئەرکی پێکهاتەیی، ئەرکی ئاراستەیی بەکارهێناوە.

هەیە)) (بیان ملا حمدامین، 2013: 15). هالیدەی سەرەتا توانی سێ ئەرکی سەرەکی بۆ زمان دابنێت، کە بریتی بوون لە:

1 ـ **ئەرکی بیرکردنەوە (ئەرکی هۆشەکی)**: قسەکەر لە ڕێگای ئەم ئەرکەوە دەتوانێت توانای ڕادەربڕینی خۆی لە بوارە جیاجیاکاندا پیشانبدات و گوزارشت لە ناوەرۆکی هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی بکات و ئاماژە بۆ (کەس ، ڕووداو ، شت ، واقیع ، بابەت ، دۆخ )بکات، وەك:

ـــ ئازاد ئێستا گۆڤارێکی کڕی.

ناوەڕۆکی ئەم دەربرینە بریتییە بریتییە لە: کارا + بار + کارتێکراو + کردە + قسەکەر + کات + شت + کار.

2 ـ **ئەرکی گۆڕینەوە**: بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیاری ڕۆشنبیری لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، واتە گۆڕینەوەی زانیاری لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر، یان بە پێچەوانەوە بۆ نموونە: ( چاکی و چۆنی، ... هتد.)

3 ـ **ئەرکی دەقی**: لە ڕێگای ئەم ئەرکەوە قسەکەر دەتوانێت وشەکان بنیات بنێت و پێکەوەیان ببەستێتەوە بۆ گەیشتن بە ڕستەیەکی دیاریکراو، بە پێی ئەو دەوروبەرەی زمانەکەی تێدا بەرکادێت، بۆیە ((هالیدەی گرنگی زیاتر بە زەقکردنەوەی پەیوەندی نێوان قسەکەر و ئەو دەوروبەرە دەدات، کە ئاخاوتنی لێ بەرهەم دێت، لە ڕێگای سیستەمی زمانی و پێی وایە زمان ئەو شتەیە، کە جێبەجێدەکەین، بە پێچەوانەی چۆمسکی، پێی وابوو زمان ئەوشتەیە کە دەیزانین)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 61).

(هالیدەی دوابەدوای ئەم پۆلێنکردنە چەند ئەرکێکی فراوانتر و وردتری بۆ زمان دانا، کە خۆی لە (7) ئەرکی تردەبینێتەوە وەك:

**أ ـ ئەرکی سوودگەیاندن:**

لە ڕێگای ئەم ئەرکەوە قسەکەر هەوڵدەدات زمان بۆ دابینکردنی پێداویستییە ماددی و دەروونییەکانی خۆی بەکاربهێنێت و گوزارشت لە ئارەزووەکانی پێ بکات. وەك:

ـــ من دەمەوێت ئەمساڵ خوێندنەکەم تەواو بکەم.

**ب ـ ئەرکی ڕێکخستنی زانیاری:**

بە هۆی ئەم ئەرکەوە لە ڕێگای زمانەوە قسەکەر دەتوانێت ئاڕاستەکردنی کاروباری کەسانی بەرامبەر دیاریبکات، یان ڕەفتاری بەرامبەر کۆنترۆل بکات و بۆ جێبەجێکردنی یان نەکردنی کارێك، بۆ نموونە:

ـــ هێماکانی هاتووچۆ بۆ ڕێکخستنی کاروباری شوفێرەکانە .

ـــ نووسینی سەر لافیتەکان، کە هەڵواسراون، هەڵگری ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنن بۆ شتێکی دیاریکراو.

ـــ هەبوونی یاساکان ئاماژەیەکە بۆ نەکردنی هیچ جۆرە تاوانێك.

**ج ـ ئەرکی کارلێککردنی زانیاری:**

بریتییە لە کارلێککردن و ئالوگۆڕکردنی زانیاری لە نێوان دوو شت، کە ئەرکی (من و تۆ) دەگەیەنێت ((لەم ئەرکەدا زمان وەکو ئامرازێکی ئاوێتەبوون لە جیهانی کۆمەڵدا بەکاردێت، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانیت لێی جیابێتەوە)) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2015: 63) بۆیە زۆرجار ئاوێتەبوونی دوو وشە لە دوو ڕستەدا مانایەکی زۆر جوانتر دەبەخشن بە ڕستەیەك، یان دەربڕینێك وەك:

ـــ شام شەکرە بەڵام وەڵات شرینترە.

ـــ نانی بدە بەسەگ نەك بدە سفلە.

هەر دوو وشەی (شەکر، شرینتر) یان (سەگ، سفلە) کارلێککردنیان واتایەکی جوانیان بەم ڕستانە بەخشیوە.

**د ـ ئەرکی زانیاری کەسی (خودی):**

تاکە کەس لە ڕێگای زمانەوە دەتوانێت گوزارشت لە بیرو بۆچوون و ئاڕاستەی زانیاری خودی خۆی بکات، کە مەبەستیەتی لە ڕێگای زمانەوە بگەیەنێت یان کەسایەتی خۆی بچەسپێنێت، یان دەربڕین بیرو بۆچوونەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ کەسانی تر بۆ نموونە:

ـــ بەرێوەبەر دەڵێت: بەیانی کۆبوونەوەیە.

بڕیاردانی بەیانی بۆ ڕۆژی کۆبوونەوە گواستنەوەی زانیاری تاکە کەسێکە بۆ کۆمەڵە کەسێك.

**هـ ـ ئەرکی بەدواداچوونی زانیاری:**

تاکە کەس بەدواداچوون ((بۆ ئەو زانست و زانیارییانە دەکات، کە لە دەوروبەرەکەیدا هەیە و نایزانێت زانیاری لەو بابەتەوە نییە لە ڕێگای زمانەوە بە هۆی پرسیارکردنەوەی هەوڵدەدات هەموو شتە شاراوەکانی دەوروبەرەکەی بۆ ڕوون ببێتەوە)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 64). تاکەکەس لە ڕێگای زمانەوە دەتوانێ چەندین شتی نوێ بدۆزێتەوە و سەرجەم کەم و کورتییەکانیش بزانێت و کۆنترۆلیانبکات.وەك :

ـــ قوتابییان ئەرکەکانتان جێبە جێکردووە.

ـــ پرۆژەکانی پار ساڵ تەواو بکەن.

**و ـ ئەرکی بە وشەکردنی جیهانی (هێمایی):**

هەموو وشەیەك لە زماندا هێمایەك دەنوێنێت، هەر وشەیەکی نوێش لە دونیای ڕاستەقینەی هەر زمانێکدا پەیدا ببێت پێویستی بە ناوێك هەیە، بەڵام لە سەردەمی تەکنەلۆجیای ئێستادا خێرایی بڵاوبوونەوەی وشەکە وادەکات زمانەکان فریایی ئەوە نەکەون هێمایەکی گونجاو بۆ وشە نوێیە جیهانییەکە دابنێن، بۆیە سەرەتای پەیدابوونی وشە بەهەر ناوێك بێت، ئەوا لە جیهانی دەرەوەی وشەکە هەمان ناو دەبێت بۆ نموونە: (موبایل، ڕادیۆ، تەلەفزیون، ئەنتەرنێت... هتد).

**ی ـ ئەرکی ڕاگەیاندن:**

تاكەكەس لە ڕێگای زمانەوە دەتوانێت زانیاری نوێ وەربگرێت و بگوازێتەوە بۆ كەسانی دەوروبەری خۆی وەكو گێڕانەوەی پەندی پێشینان، كە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تردا تاكو گەیشتووەتە ئەمڕۆ. ئەركی ڕاگەیاندن لە دوای شۆڕەشی تەكنەلۆجیا بە گرنگترین و سەرەكیترین ئەركی زمان دادەنرێت. هەر چەندە ((أندرێ مارتنێ لە گەڵ ئەوە دایە كە كردەی گەیاندن ئەركی سەرەكی زمانە، بەڵام چەند ئەركێكی تریشی بۆ زمان دیاریكردووە:

1 ـــ ئەركی جیاكردنەوە.

2 ـــ ئەركی نێوان كردن.

3 ـــ ئەركی دەربڕین)) (نعمان بوقره، 2009: 100).

سەرەرای دیاریكردنی ئەم ئەركانە و دیاریكردنی (شەش) ئەركی تر لە لایەن (یاكۆبسن)[1]ەوە، بەڵام هەندێك لە زمانەوانانی تری ئەركی پیانوایە زمان تەنیا دوو ئەركی سەرەكی دەبینێت وەك:

1 ـ((بەكاردێت بۆ پەیوەندیكردن و بەدەستخستنی ئەو زانیارییانەی كە لە جیهانی دەرەوەدان.

3 ـ بەركادێت بۆ دروستكردن و درێژەپێدانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان))(Cook, G, 2004:38-37).

## 6. تێڕوانینی ئەركی بۆ ڕستە (Functional sentence perspective):


ڕستە پێكهاتەیەكی گرنگی زمانەوانییە، لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو هەموو بایەخێكی زمانەوانی خۆی لە ڕستەدا دەبینییەوە، چونكە بەلوتكەی توێژینەوەكانیان دادەنا، بۆیە شیكردنەوەی پێكهاتەی ڕستە بە پێی ڕێزمانی ئەركی (Functional grammer) ((بۆ وتارەكانی ماسیوس دەگەڕێتەوە كە لە ساڵی1911ز لە ژێر ناوی (ڕوانگەی ئەركی بۆ ڕستە ـ Functional sentence perspective) بڵاوكردۆتەوە)) (جفری سامسون، 1994: 106). شیكردنەوەی پێكهاتەی هەر ڕستەیەك بەپێی تێڕوانینی ئەركی ((لە لایەك لە سەر ئاستی ڕێزمانە و لە لایەكی ترەوە لە سەر ئاستی واتایە، كە هەموویان پێكەوە لە پرۆسەی گەیاندنی زمانییدا كارلیكدەكەن و ئاستێكی تری زمانەوانی دروست دەكەن ئەویش ئاستی ئاخاوتنە)) (بیان ملا حمد امین، 2013: 30). ئاستی ئاخاوتن دەریدەخات، كە چۆن هەردوو ئاستی ڕێزمان و واتا كار لە یەكتری دەكەن بە تایبەتی لە كردەی گەیاندنی زمانییدا. لە ڕێزمانی ئەركیدا زمان وەكو هۆیەكی دەربڕاوی كاریگەر لە ناو ئاستی ئاخاوتندا بەكاردێت.

ڕستە بە پێی ڕێزمانی ئەركی لە دوو كەرت پێكدێت، كە (تەوەرە،گوزارە)یە، یان (Comment. Topical)، یان (باس ـ Theme، خواس ـ Rheme)...هتد.

باس ـ Theme زۆربەی كات لە سەرەتایی ڕستەدا دێت، چونكە لە ئاستی ئاخاوتندا قسەكەر بە زانیاری زانراو، یان زانیاری كۆن دەست پێدەكات، كە بابەتی (Subject) قسەكەرەكەیە، كەواتە Theme ئەو بنەمایەی ڕستەیە هەڵگری زانیاری زانراوە، یان پێشتر ئاماژە پێكراوە لە چوارچێوەی دەوروبەردا، واتە لە ڕێگای Theme باس دەزانرێت ڕستەكە دەربارەی چییە، دواتر خواس Rheme لە دواوەوە دێت، ئەویش ئەو بنەمایەی ڕستەیە، كە هەڵگری زانیاری نوێیە و پێشتر لە لای وەرگر و خوێنەر زانراو نەبووە، كە پوختەی بابەتەكە لە خۆ دەگرێت وەك:




بەڵام هەندێك جار قسەكەر بۆ سەرنجڕاكێشانی گوێگر جەخت دەكاتە سەر كەرەستەیەكی دیاركراوی ڕستەكە بۆ گەیاندنی زانیارییەكی دیاریكراو، لەو كاتەدا ڕێزكردنی كەرەستەكانی ڕستە لە حالەتی ئاساییەوە دەبێتە حالەتێكی نائاسایی وەك:




لە لایەكی ترەوە تێڕوانینی ئەركی بۆ ڕستە جیاوازی هەیە لە گەڵ قوتابخانەكانی تر بۆ نموونە:

أ ـ دامەزرێنەری پارتی دێموكراتی كوردستان مەلا مستەفا بارزانی بوو.

---


[1] . یاكوبسن شەش ئەركی تری زمانی دیاركردووە لە وانەش ((ئەركی سەرچاوە. 2 ـ ئەركی وریاكردنەوە. 3 ـ ئەركی شعری. 4 ـ ئەركی سۆزداری و دەروونی. 5 ـ ئەركی تێگەیشتن. 6 ـ ئەركی مێتازمانی)) (بیان ملا حمدامین، 2013: 17 ـ 18).

ب ــ مەلا مستەفا بارزانی دامەزرێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان بوو.

ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی واتاوە لە یەك نزیكن و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە (مەلا مستەفا بارزانی) دامەزرێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان بووە، بەڵام ئەم دوو ڕستەیە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە جیاوازن، چونکە هەر ڕستەیەك لەم ڕستانەدا، بۆ دەوروبەرێکی جیاواز بەکاردێت، لە ڕووی بەکارهێنانەوەش پەیوەندی بەو زانیارییەوە هەیە،کە لە نێوان ئاخێوەر و گوێگردا هەیە، بۆیە ئاخێوەر ئەو کەرەستە زمانییە دەکاتە تەوەری باسەکە، کە گوێگر زانیاری دەربارەی دەزانێت، دواتر زانیاری تری پەیوەست بە تەوەرەکە لەو بارەیەوە دەدات، هەر یەکێك لەم ڕستانە بە پێی ئەو دەوربەرەی تێدا بەکارهاتووە واتایەکی جیا و ئەرکێکی جیا دەدات، بۆ نموونە ڕستەی یەکەم ئەرکی ڕاگەیاندنی ئەوە دەبینێت، کە (کێ) پارتی دێموکراتی کوردستان دامەزراند؟بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ناساندنی (مەلا مستەفا بارزانی)یە جیاوازی ڕۆنانکارەکان و ئەرکییەکان لەوەدایە، کە ڕۆنانکارەکان وەسفی ڕستە دەکەن و ئەم جۆرە ڕستانە بە ڕستەی هاوواتا دادەنێن، بەڵام ئەرکییە بەدوای هۆکاری ڕستەکە دەگەڕێن دەڵێن بۆ وایە؟ و هەر ڕستەیەك لە دەوروبەرێکی جیاوازدا بەکاردێت و واتایەکی جیاوازیش دەدات، بۆیە لە لای ئەرکییەکان بە ڕستەی هاوواتا هەژمار ناکرێن.

ئەو زمانەوانانەی کە لە دوای ماسیوس هاتن لە بواری شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستەدا بیرێکی نوێیان داهێنا، لەوانەش فێرباس بوو، کە توانی (پەیوەندی زمانی) بگۆڕێت بۆ (پەیوەندی داینامیکی).

((فێرباس پێی وایە ڕستە بەپێی چەمکی داینامیکی گەیاندن (Dynamism Cative Commune) کردەیەکە بەرە بەرە هەنگاو دەنێت لە دوا هەنگاودا واتا دەگەیەنێت، هەر کەرتێك




ــــ دەوروبەر: دوێنێ مامۆستاکە چی شیکردەوە؟

ــــ ڕستە:

بەڕادەیەك هاوبەشی لە گەیاندنی زانیاری دەکات)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 68)، کەواتە چەمکی (داینامیکی گەیاندن) سێ دانە ئەرکی لە ڕستەدا دیاریدەکات، بۆیە ئەندرێ مارتنێ پێی وایە پێکهاتەی هەر ڕستەیەك بە پێی تێڕوانینی ئەرکی دەبێت ئەم سێ ئەرکەی تێدا بێت وەك:

أ ــ باس theme

باس بە کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستە دادەنرێت، بەڵام نزمترین ڕادەی گەیاندنی زانیاری دەگوازێتەوە، لە ڕیزکردنی ئاسایی کەرەستەکانی ڕستەدا زیاتر ڕۆڵی بکەر دەبینێت.

ب ــ خواس: Rheme

بە گرنگترین پێکهاتەی ڕستە دادەنرێت، چونکە بەرزترین ڕادەی گەیاندنی زانیاری دەگوازێتەوە.

ج ــ یەکەکانی بەستنەوە (گواستنەوە)Transition :

ئەم یەکانە بەزۆری لە ناوەڕاستی ڕستەکە دێن، واتایەکی سەربەخۆیان هەیە و بە تەواوکەر دادەنرێن، لە ڕستەدا کەرەستەی زیادەن و بەلادانیان لە ناو ڕستەدا زۆر جار واتای ڕستەش ناگۆڕێت وەك: ئامرازەکانی بەستن و ئاوەڵناو، ئاوڵگوزار...هتد.

لێرەدا دیاریکردنی (باس و خواس) لە سەر بنچینەی ئەرکیان لە گەیاندنی زانیاری زمانیدا دەبێت ((ئەو سێ هۆکارە لە بەرچاو بگرین وەك:

1 ــ چۆنیەتی ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە.

2 ــ دەوروبەری گشتی بۆ ڕووداوی ناو ڕستەکە.

3 ــ دەوروبەری واتایی تایبەت بۆ ڕستە (بینای واتایی)) (ساجیدە عەبدوللا فرهادی، 2008: 26) وەك: ــــ دەوروبەر: کێ دوێنێ وانەکەی شیکردەوە؟

ــــ ڕستە:




### 7. جۆرەکانی ڕستە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە:

کەرەستە زمانییەکان وەکو تۆڕێکی بەیەکەوە بەستراو کاردەکەن، بۆ بەرهەمهێنانی واتایەکی دیاریکرا، کە پێی دەوترێت (ڕستە)، بۆیە ڕستە بە گەورەترین یەکەی زمانی لە پێوانەی پلەی زمانی کوردیدا دادەنرێت. کەواتە باسکردنی ڕستە و دەستنیشانکردنی ڕۆنانی هەر ڕستەیەك پێویستە باس لەو یەکە زمانییانە بکرێت، کە بەشداری لە


ڕۆنانی ڕستەدا دەکەن، چونکە ڕستە لە ڕوانگەی ئەرکییەوە بە پێی گوزارەکان و جۆری ڕستە دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر:

**1.7 ـ ڕستەی سادە:**

بەو ڕستانە دەوترێت کە لەیەک ڕستەی سادە پێکدێت، ئەویش دەبێتە دوو جۆر:

**أ ـ ڕستەی سادەی ئاسایی:**

بەو ڕستانە دەوترێت، کە یەک گوزارەی تێدایە، لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕستانە تەنیا کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە دەگرێتەخۆ وەک:







هەر یەکێك لەم ڕستانە تەنها لە گوزارەیەك و کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە پێکهاتووە.

ب ــ ڕستەی سادەی فراوانکراو:

بەو ڕستانە دەوترێت کە جگە لە کەرەستە سەرەکییەکان، ئەوە کەرەستە لاوەکییەکانیش بەشداری لە فراوانکردنی ڕستەکەدا دەکەن وەك:




ئەم جۆرە ڕستەش هەریەك گوزارەی تێدایە، بەڵام کەرەستە لاوەکییەکان بە پێی پێویستی ڕستەکە دەتوانن بەشداربن.

**2.7 ـ ڕستەی لێکدراو:**

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستە زیاتر لە گوزارەیەکی هەیە و دەتوانرێت بۆ دوو ڕستەی تر دابەشبکرێت، کە بەهۆی ئامرازەوە یان بەبێ ئامراز لێکدەدرێن ئەویش دەبێتە چەند جۆرێك وەك:

أ ــ ڕستەی لێکدراوی هاوڕێك: نەسرین هات و شیلان ڕۆیشت.

ب ــ ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردن: یان بخوێنە یان سەیری یارییەکە بکە.

ج ــ ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە: شێرکۆ یاریزانێکی باشە بەڵام یاری ناکات.

د ــ ڕستەی لێکدراوی نەرێ (نەفی): نە بێدەنگ دەبێت نە شەڕیش دەکات.

**8 . پێکهاتەی سەرەکی و ناسەرەکی ڕستە:**


**1.8 ـ پێکهاتەی سەرەکی ڕستە:**

پێکهاتەی سەرەکی ڕستە بەو کەرەستانە دەوترێت، کە لە ڕستەدا بوونیان پێویستییێکی سەرەکییە، و بەشدارن لە ڕووداوی کارەکە و ڕۆڵی واتاییان دەدرێتە پاڵ، بە جۆرێك ئەگەر کەرەستەکان لە ڕۆنانی سەرەوەشدا دەرنەکەون، ئەوا دەبێت لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەربکەون و بوونیان هەبێت. کەرەستە سەرەکییەکانیش لە زمانی کوردیدا بەخودی کارەکەوە بەستراونەتەوە، وەك:

أ ــ ئەگەر کاری ڕستەکە کاری تێپەڕ بوو، ئەوا پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕستەکە بریتییە لە: (بکەر، بەرکار، کار) وەك:





ب ــ ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی تێنەپەڕبوو ئەوا پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕستەکە بریتییە لە (بکەر، کار) وەك:




هەریەکێك لەم کەرەستانە بەپێی جۆری کارەکانیان دەرکەوتوون، بەڵام لە هەندێك لە ڕستەی زمانی کوردیدا تەنیا (کار) دەردەکەوێت، کەچی وەکو ڕستەیەکی تەواویش مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت و واتایەکی تەواویش دەبەخشێت وەك (خواردی، بردی، کەوت، شکا...هتد).

**2.8 ـ پێکهاتەی ناسەرەکی ڕستە:**

پێکهاتەی ناسەرەکی ڕستە بەو کەرەستانە دەوترێت، کە لە ڕستەدا دەتوانن دەربکەون یان دەرنەکەون، واتە بەلادانیان لە ناو ڕستەدا واتایی سەرەکی ڕستەکە تێکناچێت، یان ڕۆڵی واتایی سەرەکییان نادرێتە پاڵ کە بریتییە لە (کات، شوێن، بابەت، دۆخ، ئامراز...هتد) دیار دەکەن وەك:




کەواتە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەکە بریتییە لە (بکەر، بەرکار، کار)




بەلادانی کەرەستە لاوەکییەکانی ڕستە ڕۆلە واتاییەکانی کەرەستە سەرەکییەکان ناگۆڕێت.

**9 . ڕۆلە واتاییەکانی کەرەستەی ڕستە:**

((ڕستەسازی زانستێکی وردی بواری ڕستەیە، گرنگی بە پێکهاتە و پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی دەدات، بێی ئەم پەیوەندییە ڕستە تەنها چەند وشەیەکی پەرت و بلاوە، ڕستەی سادە ئەو ڕستەیە، کە کارێك و پێداویستییەکانی ئەو کارەی تێدایە، کە لە بکەر و بەرکار

کەرەستەی تری ناسەرەکی پێکدێت))(عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 96)، ڕستەی سادە دوو جۆر ڕێزکردنی هەیە، یەکەمیان پێیدەوترێت ڕێزکردنی ئاسایی کە لە (بکەر، بەرکار، کار) پێکدێت، دووەمیان پێیدەوترێت ریزکردنی نائاسایی، واتە بەپێی ویستی قسەکەرە دەبێت، لەم جۆرە ڕستەیەدا دەتوانرێت هاوەڵکار یان بەرکار، یان هەر کەرەستەیەکی تر لە سەرەتایی ڕستەدا بێت. ڕۆڵە واتاییەکانی کەرەستەی ڕستە بریتییە لە:

**1.9 ـ ڕۆڵە واتاییەکانی بکەر:**

بکەر وەکو حالەتێکی زمانی کەرەستەیەکی گشتییە، بەو هۆیەوە لە زۆربەی زمانەکاندا هەمان ئەرك دەبینێـت ((زمانەوانانی ئەرکی پێیان وایە ئەرکی بکەر تەنها دەدرێتە پاڵ ئەو کەرەستەیەی ڕستە، کە ئەرکی واتایی (ئەنجامدەر) دەبینێت)) (أحمد المتوكل، 1986: 36). بەواتایەکی تر، تەنها ئەو کەرەستە زمانیانە دەتوانن ڕۆڵی واتایی بکەری ڕاستەقینە ببینن، کە ئەرکی ڕاپەراندن و جێبەجێکردنی کارەکە دەگرنە ئەستۆ، وەك:

ــ نەسرین دارەکەی چاند.

لەم ڕستەیەدا (نەسرین) دەتوانێت ئەرکی (بکەر)ی بدرێتە پاڵ، چونکە دەستی لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی کارەکە هەیە، بەڵام لە ڕستەیەکی وەك:

ـ خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە.

ـ پۆلیسەکە مرد.

ـ کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

هەر یەکێك لە وشەکانی (خوێندن، پۆلیس، کلیل) ناتوانن ئەرکی (بکەر) یان بدەینە پاڵ، چونکە (خوێندن) هۆکارێکە بۆ شارەزایی، و (پۆلیس)ە کەش دەستی لە ئەنجامدانی کارەکە نییە، وە (کلیل)یش وەکو ئامێرێك بەشداری لە ڕستەکەدا کردووە. بۆیە ناتوانین ئەم وشانە وەکو (بکەری ڕاستەقینە) دابنێین، لە بەر ئەوەی دەستیان لە ئەنجامدانی کارەکە نییە، بەڵام دەتوانین بە (بکەری ڕێزمانی) ناویان ببەین.

سەرەڕایی ئەمانەش زۆر ڕستەی تر هەن بە پێی ڕێزمانی ئاسایی ئەرکی بکەریان دراوەتەوە پاڵ هەندێك وشە کە لە بنچینەدا ئەرکی بکەریان نەبینیوە، چونکە بەپێی ڕێزمانی ئاسایی بکەر: بریتییە لەو کەسەی یان ئەو شتەی کە کارێك ئەنجام دەدات، کەچی ڕستەیەکی وەکو:

ـ منداڵەکە کاتژمێرەکەی چاککردەوە.

ـ ئارام دوژمنەکەی بە کوشتن دا.

بە پێی ڕێزمانی ئەرکی هەر یەکێك لە وشەکانی (منداڵەکە، ئارام) نابنە بکەری ڕستەکە، چونکە کارەکەیان ئەنجام نەداوە، چونکە گومان لەودانییە کە (وەستا) کاتژمێرەکەی چاککردۆتەوە، لە ڕستەی دووەمدا (ئارام) کارەکەی ئەنجام نەداوە، بەڵکو کەسێکی تر کارەکەی ئەنجام داوە، بۆیە (ئارام) چەمکی (هۆ) بەردەکەوێ نەك (بکەر).

بەڵام ئەگەر لە ڕووی واتاییەوە سەیری هەندێك ڕستە بکەین، ئەوا دەبینین بکەرەکانیان جیاوازە بە لە بەرچاوگرتنی ڕۆڵە واتاییەکانی کەرەستەی ڕستە وەك:

ــ ئازاد دەنگی ڕزگار دەبیستیێ.

لەم ڕستەیەدا ئەگەر (بکەر) دەستنیشانبکەین بەبێ بە لە بەرچاوگرتنی لایەنی واتایی ڕستە، (ئازاد)بکەری ڕستەکەیە و (ڕزگار) بەرکارە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی واتاوە سەیری ڕستەکە بکەین، ئەوا دەبینین (ڕزگار) بکەرە و (ئازاد) بەرکارە، چونکە (ڕزگار هەستاوە بە ئەنجامدان و ڕاپەراندنی کارەکە، کە قسەکردنە، وە کار لە (ئازاد) دەکات، کە دەنگەکە دەبیستێت، بەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (ئازاد) بکەری ڕێزمانییە، بەڵام (ڕزگار) بکەری ڕاستەقینەکەیە، کەواتە بە پێی ڕێزمانی ئەرکی بکەر دەبێت کەرەستەیەکی زیندوو بێت، کە توانای ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی کارێکی هەبێت.

**2.9ـ ڕۆڵە واتاییەکانی بەرکار: ئەویش دەبێتە دوو جۆر:**

**ا ـ بەرکاری ڕاستەوخۆ :**

بەرکار ئەو ئەرکە ڕستەسازییە، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری کاری ڕستەکە و ((ئەرکێکی ڕۆنانی هەیە و لە دوای (بکەر) دێت، بنیاتی واتایی بنیاتی پێکهاتەیی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەرکار بەندە بە واتای کارەوە، چونکە کاریگەری لە سەر جۆری بەرکارەکە هەیە)) (عەبدولواحید مشیر دزەیی، 2015: 103).

بەرکار ئەرکێکی ڕۆنانییە و لە دوای ئەرکی بکەر دێت و دەبێتە دووەم ئەرك، بەرکار بەزۆری کەرەستەیەکی بێلایەن و ئەرکی واتایی (تەوەرە) دەبینێت وەك:

ــ هیوا ئوتۆمبێلەکەی بەخشییە ئازاد.

(ئوتۆمبیل لەم ڕستەیەدا تەوەرە) یە و بابەتێکی بێلایەنە، جا لە بەر ئەوەی ڕۆلی واتایی کەوتۆتە سەر، بۆیە ڕۆڵی (بەکار) وەردەگرێت.

بەرکار لە هەندێ حالەتدا لە ڕووی ڕووخسارەوە دەرناکەوێت، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بوونی هەیە وەك:

ــ نازدار خواردی.


ــ کەوەکان دەخوێنن.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی (نازدار و کەوەکان) بکەری ڕاستەقینەن، بەرکارەکانیان لە ڕووی ڕووخسارە(ڕۆنانی سەرەوە) دەرنەکەوتووە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕۆنانی ژێرەوەدا بەرکار بوونی هەیە، چونکە لە ڕستەی یەکەمیان (نازدار) شتێکی خواردووە، ئەم شتەش بەرکاری ڕستەیەکە لەبەر ئەوەی واتای ڕستە ڕوون نییە، ئەگەر ڕستە بەم شێوەیە بمێنێتەوە ، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ئەگەر چی ئەویش بەرکاری بەدەر نەکەوتووە، بەڵام تا ڕادەیەك بەرکارەکە دیارە، چونکە کەوەکان زۆربەی کات بە دەنگە زولالەکانیان ئاواز

دەخوێنن، کەواتە ئاواز دەبێتە بەرکاری ڕستەکە، بۆیە لە ڕێزمانی فۆرمیدا هەر کاتێك کاری تێپەڕ هات، ئەوا دەبێت ڕستەکە بەرکاری لە گەل دا بێت.

**ب ـ بەرکاری ناڕاستەوخۆ:**

بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەو ئەرکە ڕستەسازییە، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری کارەوە، بەڵام ئەم ئەرکە تایبەت نییە بەکارێکی دیاریکراوە، بەڵکو لە گەل هەردوو کاری (تێپەڕ و تێنەپەڕ) دێت، مەرجی دەرکەوتنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا پەیوەستە بەو ئامرازانەی کە لە پێش بەرکارەکەوە دێن، شوێنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا بە پێی ویستی ڕستەکەوە دەبێت، واتە شوێنێکی دیاریکراوی نییە لە ناو ڕستەدا، هەروەها دەتوانرێت لە ڕستەدا زیاتر لە جارێك دەربکەوێت وەك:














لادانی هەریەکێك لەم کەرەستانە (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ) بە گوێرەی ڕستەکە دەبێت (بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ) دوو کەرەستەی سەرەکی ڕستەکەن، ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەك لا ببرێن، ئەگەر لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکەش لابرێن و دەرنەکەون، ئەوا لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەکە مەرجە دەربکەوێت وەك:


1 ـ شیلان هات ← هات

2 ـ نەوزاد کۆترەکەی گرت ← گرتی



لە ڕستەی یەکەمدا (شیلان هات.)توانیمان لە ڕووی ڕۆنانی سەرەودا، بکەری ڕستەکە لابەرین و سادەترین ڕستەی زمانی کوردی لیّ دروست بکەین، کە(هات)،بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا(بکەر)ی ڕستەکە بوونی هەیە، چونکە خودی وشەی (هات) واتای بکەریشی تێدایە.

2 _




لە ڕستەی دووەمیشدا ئەگەر چی توانیمان (بکەر و بەرکاری ) ڕستەکە لابدەین، بەڵام لە ڕووی ڕۆنانی ژێرەوە دا بوونیان هەیە، چونکە پێویستییەکی سەرەکی ڕستەن ناتوانرێت بە تەواوی لابدرێت، چونکە ئەگەر بەدەرنەکەون واتای ڕستەکە بەدیار ناکەوێت.

بەڵام هەر چی بەرکاری ناڕاستەوخۆیە هەندێك جار وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستەکە بەدیاردەکەوێت و هەندێك جاریش وەکو کەرەستەیەکی ناسەرەکی ڕستە بەدەردەکەوێت و بەلادانیان واتای ڕستەکە ناگۆڕێت وەك:

1 _ ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆیەکە کەوتە دوای کاری ڕستەکە، یان بە هۆی بەرکارەکەوە کەسێك یان شتێك یان شوێنێکی پیّ دیارکردبوو، ئەوا ناتوانرێت لە ڕستەدا لابرێن و دەبێتە کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستەکە و لە ڕۆنانی (سەرەوە و ژێرەوەدا) دەردەکەوێت وەك:

ـــ نەسرین پارەکەی بە منداڵەکە دا

لەم ڕستەیەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆیەکە (منداڵەکە) لابدەین، ئەوا واتای ڕستەکە دەگۆڕێت، دەبێت لە جیاتی ئەم وشەیە وشەی پرسی (کیّ) لە شوێنیان دابنێن بۆیە ناتوانین لایان بدەین.

2 _ ئەگەر بەرکاری ناڕاستەوخۆیەکە لە ناو ڕستە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕستەکە هاتبوو، ئەوا بە کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستە دانانرێت و دەتوانین لای بدەین وەك:


ـ نازەنین بە ئوتۆمبێل ڕۆیشت . ← نازەنین ڕۆیشت.

ـ منداڵەکە بەدەست نان دەخوات. ← منداڵەکە نان دەخوات.

کەواتە بە لادانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە هەندێك ڕستەی زمانی کوردیدا واتای ڕستەکە تێکناچێت، بەلکو واتا سەرەکییەکەی ڕستە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

### 3.9 . ڕۆلە واتاییەکانی تەواوکەر:

تەواوکەر ئەو ئەرکەی ڕستەسازییە تەنها بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە هاتووە، وەکو پێداویستی ناسەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت، واتە وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی ڕۆڵی واتاییان نادرێتە پاڵ، بە لادانیان لە ناو ڕستەدا زانیاری سەرەکی ڕستەکە ناگۆڕێت، کە زیاتر (کات، شوێن، بابەت، دۆخ) دیاریدەکەن و بە زۆری دەچێتە خانەی (ئاوەڵکار و هەندێك دیارخەر....هتد) هەر یەکێك لەم کەرەستانە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی واتای ڕستەکە ڕۆڵ دەگێڕن وەکو:




## 4. ئەنجام

1. زمان بەپێی تیۆری ئەرکی بریتییە لە هۆیەکی پەیوەندیکردن کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئاواتی بەکاری دەهێنێت.

2. ڕێبازی ئەرکی گرنگی بە بەکارهێنانی زمان و نرخی گەیاندنی زانیاری دەدات .

3. ڕێبازی ئەرکی بریتی نییە لە قوتابخانەیەك، یان بیرو بۆچوونێك، بەڵکو لەچەند قوتابخانە و بیروبۆچوونێك پێکدێت، کە هەریەکیان تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لەشیکردنەوەی ڕستەدا.

4. . ڕێبازی ئەرکی تەنیا لەسنووری ڕستەدا ناوەستێت، بەڵکو خۆی لە ڕۆنانی گەورەتردەدات ، وەك(دەق، پارچە ئاخاوتن،... ) ڕستە بە بچووکترین دانەی ڕێزمانی دادەنرێت و دەقیش گەورەترینیانە.

5. لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە:

ا – پێویستە ڕستە لەسەر هەر سێ ئاستی زمان ئاستی ( ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیك ) شیکرنەوەی بۆ بکرێت.

ب – ئەگەر هەر ڕستەیەك بەپێی ئەم ئاستانە شیکردنەوەی بۆ کرا، ئەوا دەگەینە ڕۆنانی هەموو ڕستەیەك و ناپەسەندی ڕێزمانی نامێنێت.

ج – ڕستە لە ڕێزمانی ئەرکیدا دەبێت بە پێی ئەو دەوروبەرەی ڕستەکەی تێدا دەگوترێت، شیکردنەوەی بۆ بکرێت، چونکە هەر ڕستەیەك بۆ دەوروبەرێك دەگونجێت.

## 5. لیستی سەرچاوەکان

ا ـــ سەرچاوە بە زمانی کوردی:

ـ بیان ملا حمد امین (2013)، ڕێبازی ئەرکی و شیکردنەوەی دەق، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ـ ساجیدە عەبدوڵلا فرهادی (2003)، ڕستە و پاش ڕستە، نامەی دکتورا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ـ ساجیدە عەبدوڵلا فرهادی (2008)، ڕستە و پاش ڕستە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ـ شیرزاد سعید صدیق (2008)، ڕستە بە پێی تیۆری (کاتیگۆری و پێوانە)ی هالیدەی، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ـ عەبدولقادر عەبدولجەلیل (2016)، قوتابخانە نوێیەکانی زمانەوانی، وەرگێر: نەریمان عەبدوللا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ـ عەبدوڵلا عزیز محەمەد (1990)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ـ عەبدولواحید مشیر دزەیی (2004)، واتایی کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندن، نامەی دکتورا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ـ عەبدولواحید مشیر دزەیی (2015) ڕێزمان و واتا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ـ ئیبراهیم خلیل (2016)، تیور و ڕێبازەکانی زمان، وەرگێر: نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

ب ـــ سەرچاوە بە زمانی عەرەبی :

ـ احمد المتوکل (1986 )دراسات فی الغه العربیه الوظیفی ، گ 1 ،دار الپقافه ، دار البیچاو المغرب

ـ أحمد المتوکل (2006) المنحی الوظیفی فی الفکر اللغوی العربی، الٲصول والٲمتداو، گ(1)، دار الٲمان، الرباگ، الجزائر.

ـ أحمد المتوکل (2010) اللسانیات الوظیفیه مدخل نظری، گ(2)، دار الکتاب الجدید المتحده، گرابلس، لبنان.

ـ أحمد المتوکل (2012) اللسانیات الوظیفیه المقارنه، دراسه فی التنمیگ والتگور، دار العربیه للعلوم، ناشرون، منشورات الٳختلاف، الجزائر.

ـ أحمد المتوکل (2016) المنهج الوظیفی فی البحپ اللسانی، گ(1)، دار الٲمان، الرباگ، الجزائر.

ـ أندریه مارتینه (2009)، وظیفه الٲلسن ودینامیتها، ترجمه: نادر سراج، گ(1)، الحمراو، بیروت، لبنان.

ـ جفری سامسون (1994)، مدارس اللسانیات التسابق والتگور، ترجمه محمد زیاد کبه، جامعه ملك سعود، السعودیه.

ـ روبنز (1990)، موجز تاریخ اللغه، ترجمه: أحمد عوچ، سلسله کتب الپقافیه، عالم المعرفه، الکویت.

ـ صلاح فچل (1998)، نظریه البنائیه فی النقد الٲدبی، الگبعه الٲول، دار الشروق، القاهره، مصر.

ــ عبدالقادر المهیری( 1990)، اللسانیات الوڤیفیه چمن أهم المدارس اللسانیه، گ(2)، المعهد القومی لعلوم التربیه، تونس.

ــ عبله شریفی (2011)، جهود فردینان دی سوسیر فی علم الدلاله، رساله ماجستیر، كلیه الآداب واللغات، جامعه منتوری قسنگینه، الجمهوریه الجزائریه.

ــ لورینوتود (1994)، مدخل إلی علم اللغه، ترجمه: د. مصگفی ئەلتونی، مگابع الهیئه المصریه العامه، مصر.

ــ محمد الحسین ملیگان (2008)، نڤریه النحو الوڤیفی الاسس والنماژج والمفاهیم، گ(1)، دار الآمان، الرباگ، الجزائر.

ــ مریم بوقره (2018)، أبحاپ فی اللغه والآدب الجزائری، مجله المخبر، العدد (14)، جامعه بسكره، الجزائر.

ــ نادیه رمچان النجار (2013)، الآتجاه التداولی والوڤیفی فی الدرس اللغوی، گ(1)، مؤسسه حورس الدولیه للنشر والتوزیع،الاسكندریه، مصر

ــ نجیب بن عیاش (2018)، الكفایه التفسیریه فی النحو الوڤیفی وتگبیقاته علی اللغه العربیه، اگروحه دكتورا، جامعه محمد أمین دباغین، سگیف، الجزائر.

ــ نعمان بوقره (2009)، اللسانیات اتجاهات وقچایاها الراهنه، گ(1)، عالم الكتب الحدیپ، عمان، الآردن.

ج ــ سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

ـ Cook,G.(1994), Discourse and Literature, Oxford University , London.

ـ Dik Simon (1978), Funetional Grammar, Noth Holland Netherland.

ـ M.A K. Halliday (1973), Exp. Lorationin the Functions of language. Edward Arnold. London.

## وجهة نظر مدرسة الوظيفى للجملة

**الملخص:**

تعد نظرية القواعد الوظيفية من اقوى و اتم نظريات المعاصرة لعلم اللغة الحديث و يهتم باستخدام و قيمة تواصل المعلومات و تعد توصيل المعلومات واحد من وظائف الاساسية لهذه النظرية. هذة النظرية في فكر علم اللغة لديها مفهوم مختلف كاملةً من ناحية اهتمامها بكيفية استعمال اللغة و توضيح قيمة التواصل في اللغة مع تأكيد على قدرة الاجتماعية للغة و الوضع النفسي للمتكلم و سياق الكلام. في هذا البحث تم اهتمام بمجالات اخرى و هو تحليل وظيفي (عملي) للجملة من ناحية الوظيفية عندما يعبر المتكلم عن جملة يجب أن يحلل تلك الجملة في سياقيها. في هذا البحث تم تحليل الجمل في ثلاث مستويات و هما(القواعد و المعنى و السياق) حتى يتخلص كل جملة من عدم التوافق القواعدي و بسهولة إمكان تحليل بنى لكل جملة. يهدف البحث الى تحليل الجملة وفق وجهة نظر وظيفية بأعتماد على منهج الوصفي التحليلي. اهمية هذا البحث في تلك النقطة و هي عن طريق النظرية الوظيفية يمكن أن نتوصل الى بنى كل جملة و ىنتهى من عدم التوافق القواعدي للجمل. تتألف البحث من مقدمة و نتائج و فصلين. يركز الفصل الاول على المجال النظري للمدرسة الوظيفية. في حين رصد الفصل الثاني على مبادىء النظرية الوظيفية و وجهة النظر الوظيفية للجمل.

**الكلمات الدالة:**

## Opinion the school functional about the sentences in Kurdish language

**Abstruct:**

Fanctionl grammar theory is the strongest is stated as one of the theories of modern language, which pays attention of using and transmitting information. Delivering information is one of the main tasks of this theory. This pathway in language thought is a totally different fundamental of how to use a language in specifying the value of connection of a language with defense of social ability of language and psychic of the speaker and the ways of speaking around. In this investigation another case has been mentioned which is analysing practicable of sentence. In functional view when a speaker expresses a sentence, it should be analysed withen the surrounded people, and the investigation will be about (Grammar, Meaning and society) no sentences should be left and all the sentences should be analysed easily. The investigation willingly gets to the point that thoughtfulness of the sentence must be discussed. According to the pathway, the importance of the investigation focuses on the functional grammar of all the sentences. Ambiguity of the sentences won't be existed. due to investigation, it is not only about the results. It consists of two parts, the first part is about the school functional theory and the second part is about the principle theory and thoughtfulness fanctionl of the sentence.

**Keywords:**